# ڕۆژنامەی ژیان

## ژمارە (٣٢١-٤٠٠)

چوارەم بەرگ

بەشی یەکەم


ئامادەکردنی:

رەفیق ساڵح

لێکۆڵینەوەی:

سدیق ساڵح



سلێمانی

٢٠٠٥

٠٥٠,٩٥٣٢١

ڕ ٩٤٤ ڕەفیق ساڵح.

ڕۆژنامەی ژیان/ ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح.

سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٥.

ب٤ . بەشی یەکەم (٣٢١-٤٠٠)، (٣٥٨ل)، وێنە، بەڵگەنامە،

١. ڕۆژنامەوانی . أ . سدیق ساڵح (لێکۆڵینەوە) ب . ناونیشان.

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاری پێڕست و پۆلێنی سەرەتایی ئامادەکردووە

- زنجیرە: ٧
- ناو: ڕۆژنامەی ژیان
- بابەت: ڕۆژنامەوانی
- تایپ و مۆنتاج: بەختیار ئەورەحمان
- بەرگسازی: قادر میرخان
- خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- شوێنی چاپ: سلێمانی . چاپخانەی شڤان
- ژمارەی سپاردن: ٤٧ی ساڵی ٢٠٠٥

بنکەی ژین

لە بڵاوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق ـ سلێمانی،گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی ، کۆڵانی٣٩، خانووی ژمارە ١٠،(بەرامبەر قوتابخانەی سەرەتایی ئەردەڵان)

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

# ژیـــان : ژماره ( ٣٢١-٤٠٦ )

## سدیق ساڵح

**١. ناساندنی گشتی:**

**١. ١. بەڕێوەبەری چاپخانە:**

ئـەم چـوارەم دەورەی"ژیـان"، تاسـەر حـاجی تۆفیـق بـەگی"پیرەمێـرد"، دوای کۆچـی دواییـی مـودیری پێـشووی چاپخانە"حسێن نازم بەگ" کە لە (ضیاعێکی ئەلیم، ژ٣٢١، ل١)دا نوێنراوە، بووە بە بەڕێوەبەری چاپخانە. خۆیشی، لە (ڕازی برادەری، ژ٣٢٢، ل١)دا، نووسیویە: (( زۆر دڵشکستم بە کۆچکردنی هامدەردێکی وەك حسێن ناظم بەگ. گەرچە منیش ڕێبوارم و نزیك بە بوارم بەڵام هێشتا هیوادارم، "ژیان"مان نزیك بوو بە نەمان چونکوو ئیتر بەلەدییە هیچی پێ خەرج نەدەکرا.

ناچار، لە گۆشەنشینی هاتمە دەرێ و دەستم دایە داوێنی"ژیان" چاك چاکی لەدەست نادەم ئێستا بە سەرپەرشتیی ژیان و چاپخانەکەم وەك خۆم بێبەهاو بەهیوای بێتە بەها گرتوەتە ئەستۆ، ئەزانم باوەڕم پێ دەکەن کە تێدەکۆشم پەنا بە ئێزەدی پاك دەیبەینە سەر، ئەمەندە هەیە هەمووکالأیێ بە خریدار دێتە برەو، من بە خریدارەکان دەنازم و پشتیوانیش لەخوا دەخوازم )).

١. ٢. **شێوە** : ژیـان، لـە یەکـەم وچـانی ئـەم خولـەدا، پێڕەوی هـەمان شـێوەی پێـشووی خـۆی کـردووە؛ نـاوو کلێـشەو زانیاریەکانی هەردوولای سەرلەوحەو شریتەکەی خوارووی‌و هەردوو ستوونی لاپەڕەکان، وەك خۆیان ماونەتەوە.

**١. ٣. دەرچوون:**

یەکەم ژمارەی ئەم خولە کە ئەبوو پاش(ژ٣٢٠)ی دوا ژمارەی دووەم خول، پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٥ی مایسی١٩٣٢ دەربچێ، بەهۆی مردنی حسێن نازمەوە، چوار ڕۆژ دواکەوتووە و ٩ی مایس دەرچووە. دوا ژمارەی ئەم یەکەم وچانەیش (٤٠٦)، بـەهۆی دەسـت نەکـەوتنی شـەش ژمـارەی کۆتـاییی خولەکـەوە، ڕوون نییـە ئـاخۆ دەرچـوونەکەی لەکەیـدا بـووە. ئەوەنـدە هەیـە مـادام ژمـارە (٤٠٧) لـە ١٦ی ئـابی ١٩٣٤دا دەرچـووە، هـیچ دوور نییـە ئـەویش هـەر تـەمووزی ئەوساڵەدا دەرچووبێ.

ژمارە(٣٩٥) نـەبێ کـە لەبـەر زۆریـی ئاگـاداری و بـە تایبـەت (مەجمووعـەی ئـەوامیر و ئیرشـاداتی صـیحییە بـۆ تـەئمینی نەظافەت و صیحەتی شاری سلێمانی)ی بەلەدییە کە (٢,٢٥ل)ی گرتوەتـەوە ، کراوە بە(٦ل) و (ل٣-٤)ی وەك (لاحیقە) ناوبراوە، ئەوانی تر تێکڕا بە چوار لاپەڕە بڵاوبوونەتەوە.

ژمارەکانی (٣٢٢، ٣٣٤، ٣٤٥، ٣٥١، ٣٥٤، ٣٦٩، ٣٧٩، ٣٩٠) دوای ١٠ ڕۆژ و (٣٣٣، ٣٤٣، ٣٥٠، ٣٥٣، ٣٨٩، ٣٩٢) دوای ١١ ڕۆژ و (٣٤٤، ٣٤٦، ٣٦٠، ٣٨٦، ٣٩١) دوای ١٤ڕۆژ و(٣٤٩ ،٣٥٥) دوای ٩ ڕۆژ و(٣٥٢) دوای ٢١ ڕۆژ و(٣٦٤) دوای ٣١ ڕۆژ و(٣٦٨) دوای ١٨ڕۆژ و(٣٨٠)دوای ٨ ڕۆژ و(٣٩٨) دوای٣٠ ڕۆژ و(٣٩٩) دوای ١٩ڕۆژ دەرچـــووە. ژمـــارە (٣٤٨) بەهەڵــە (٣٤٧)ی ســەر خراوەتــەوە و وادەکــەی پــێش خــراوە و(پێنجــشەممە)ی لــێ دراوە، لەکاتێکـدا ڕاسـت (سێشەممە)یە دوای پێنج ڕۆژ دەرچووە، مێژوە کۆچیەکەیشی١٠ نەك ٣ی شەعبانە.

وادەی دەرچـوونی بەشـێکی ژمارەکـانی ئـەم کاتـە پێنجـشەممە (٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٤- ٣٣٢، ٣٣٤- ٣٤٢، ٣٤٥- ٣٤٧، ٣٤٩، ٣٥٢، ٣٥٤- ٣٦٧، ٣٦٩- ٣٧٤، ٣٧٩، ٣٨٢- ٣٨٣، ٣٨٥- ٣٨٨، ٣٩٠- ٣٩١، ٣٩٨) و، بەشـــێکی تـــری دووشـــەممە (٣٢١، ٣٣٣، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٥٠- ٣٥١، ٣٥٣، ٣٦٨، ٣٧٨، ٣٨٠، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٤، ٣٩٧) و، ئـــەوانی تریشی(٣٤٨، ٣٩٩، ٤٠٠) سێشەممە بووە. لە هیچ ژمارەیەکدا هـۆی ئـەم وادەگـۆڕکێ و دواکەوتنە ڕوون نەکراوەتـەوە. بەڵام دیارە ماندوویی‌و شەکەتیی چاپخانەکەی بەلەدییە کە بەردەوام ئیشی پـێ کراوە، هۆیـەکی سـەرەکی بووە. بەڵگـەی ئـەوە، دوو ئامـاژەی ڕۆژنامەکـە خـۆین: (( غەزەتـەی ژیـان کـە وەك بیبیلـەی چـاوی شـارەکەمانە، چـەندێك هیـچی تیـا نەدەنووسراو، لە دواییشدا پیتەکانی سوابوو، چاپەکەی وای نەدەگرت بخوێنرێتـەوە)) (ژ٣٧٢، ل١) .(( ئەوانـەی تائێـستا

ڕۆژنامەی"ژیان"یان خوێندوەتەوە تێگەیشتوون کە پیتە کۆنەکەی چەند ناقۆڵا بووە و خەڵك بەشارەزایی خوێندوویانەتەوە)) (ژ٣٤٠، ل١-٢).

**١. ٤. باری دارایی:**

ئابوونە و ئیعلان، وەکوو پێشوو، خەرجیی ڕۆژنامەکەیان دەرهێناوە کە دانەی هەر بە پێنج فلس بووە . ئابوونە، لە ژ٣٢١- ٣٧١ هەمان بڕی پێشتری هەبوە: بە شەش مانگ ٢٢٥ و بە ساڵێك ٤٥٠ فلس. بەڵام لە ژ٣٧٢ بەدواوە، وەك نووسراوە: (( لەگەڵ ئەمەیشا فیداکارییێکی ترمان کرد، لە بەدەلی سێیەکێکمان لێ فڕێ دا هێنامانە سەر سێصەد فلس کە پارەی ئێوارەییێکی سەرچنارە ))، کەم کراوەتەوە بۆ ٣٠٠ فلس ساڵانە، چونکە (( زۆر کەس کە لەپێشدا کڕیاری بوو، نەیدەویست یا بۆی نەدەچوو. لەبەرئەوە بۆ ئەمەی بڵێین غەزەتەمان هەیە بە پارەی بەلەدییە دەردەهات تەنها کەڵکی جاڕچیەتیی پێوە بوو )).

حەوت ئاگاداری (ڕجا)ی بڵاوکراوە بۆ ( ذیممەتدارانی ئابوونەی ژیان )، نیشانەی پەرێشانیی ئیدارەخانەی ڕۆژنامەکە بووە لەڕووی داراییەوە:

(( ئەوکەسانەی قەرضداری ئابوونەی"ژیان"ن هەتا ئێستا دەفەعات بە نووسین و شیفاهی داوایان لێکراوە نەیانداوەو، موشتەری وامان هەیە لەڕۆژێکەوە ئەم غەزەتەیە دەرئەچێ ئابوونەکەی تەئدییە نەکردووە. بینائەن عەلەیهی، ڕجا ئەکەین لە موشتەریکانمان کە مەیدانی ئەوە نەدەن بە داوالێکردن تەعجیزیان بکەین. ئەوی ذیممەتی"ژیان"ی لە خزمەتایە خۆی لە خۆیەوە بەناوی صندووقی بەلەدییەوە بۆمان بنێرێ )) (ژ٣٣٦، ٣٣٧، ل٤).

(( ئەوکەسانەی کە قەرضداری ئابوونەی"ژیان"ن هەتائێستا چەند دەفعە چە بە نووسین و چە بە شیفاهی داوایان لێکراوە نەیانداوەو، مەعلوومە غەزەتە بە موعاوەنەت و ئابوونەی موشتەریەکانیەوە بەڕێوە ئەچێ، لەگەڵ ئەمەدا ژیان طەڵەبی موعاوەنەت ناکا داوای حەقی خۆی ئەکا، موشتەری وا هەیە کە لەڕۆژێکەوە ئەم غەزەتەیە دەرئەچێ پوولێك و پارەیەکی نەداوە. ئینجا ڕجا ئەکەین کە ئەوی ذیممەتی"ژیان"ی لە خزمەتایە، بێئەمە کە دەفعەیەکی تر داوای لێ بکرێت بۆمان بنێرێ ))(ژ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٥٦، ٣٦٢، ٣٦٣، ل٤).

(ئیعلانات) بڵاوکردنەوە کە نرخەکەی لە (ژ٣٢٠)ی سێهەم خولەوە گۆڕاوەو بووە بە(( لە دێڕێکەوە هەتا شەش مەقطووعەن ٢٢٥ و لە شەش زیاتر جگە لە٢٢٥ فلسەکە بۆ دێڕە زیادەکانیش دێڕی ٢٨ فلس ئەسێنرێ ))، تا(ژ٣٧٩) وەك خۆی ماوەتەوە. بەڵام دواتر وای لێ هاتووە: (( بۆ جارێك پێنجصەد بۆ سێ جار ١٥٠٠ فلس ئەسێنرێ )).

ئەم بەشە (٢١١) ئیعلانی تێدا بڵاوبووەتەوە کە ٢٥٪ی لێ داگیرکردووە، واتە(٨٠,٥ل)، بەم شێوەیە: دائیرەی تاپۆ (٧٥) و ڕەئیس بەلەدییە (٣٤)و ئیجرا (٣١) و موتەسەڕیفی سلێمانی (٢٥)و مەحکەمەی سولّح (٢١)و دائیرەی تاپۆی هەڵەبجە (٦) و وەزارەتی مالییە (٥) و مەئموور مەرکەزی گومرگی سلێمانی و حاکمی مونفەرید و (آمر المنطقة الشرقية) یەکی (٢) و ئامیر حامییەو قازیی سلێمانی و ڕیاسەتی لیجنەی مەشرووعی کارەباو ئیسالەی ئاو و عەقیدی آ. ف ٤ یەکی(١).

(١٧) جاریش ڕیکلام کراوە کە (٥ل) و ١,٥٪ی گرتووەتەوە، ٧جار بۆ کتێبی بڵاوکراوە کە ٣یان بۆ دیوانی مەحوی و، چوارەکەی تریش یەکی بۆ (هەموو کچێ چی بزانێ) و (گۆرانی) و (یادگاری لاوان) و یەکەم کتێبی شاکیر فەتاح و، کۆمپانیای سینگەر و(شركة الدخان الوطنية) و دکتۆر ئەمیر و چالاکیی شانۆییش یەکی ٢ جار ڕیکلامیان هەبوە.

**١. ٥. چاپخانە:**

چاپخانەکەی بەلەدییە کە سەرەتای ئەم خولە دەوری دوانزە ساڵێك بوو ئیشی ئەکرد، شەکەت و حاڵی شڕبوو، حەرفەکانی سوابوون و پارچەکانی تریشی پێویسیتیان بە گۆڕین و مشتومالّدان هەبوە. بۆیە چاپی ڕۆژنامەکە ڕوون و جوان نەبوەو باش نەخوێنراوەتەوە و درەنگ کەوتووە، وەك بە ئاماژەکانی"ژیان" خۆیدا دەرئەکەوێ، بەلەدییە ئامادە نەبوە پارەی تێدا خەرج بکات.

بەڵام پیرەمێرد لە هەوڵی پارەپەیداکردندا بووە بۆی تا کەموکوڕیەکانی نەهێڵێ، هەم بە پیتاك و کۆمەکی ماددیی دڵسۆزان و خەمخۆرانی ڕۆژنامەوانیی کوردی و، هەم بە ڕەزامەندی وەرگرتن و تەرخانکردنی دەسکەوتی یاریی

تیاترۆخانە. خۆی نووسیویە: (( ئێستا ماوەتەوە سەر جارێکی تر کە یارییەکی خۆشی میللی ڕێك بخەین، ئینجا هێجگاری پێویستیی چاپخانە جێبەجێ ئەبێ و بەیەکجاریش لە"ژیان"دا ئەینووسین تائێستا چی وەرگیراوە و بەچی دراوە. هەموولایەك تێدەگەیەنین و زۆر زۆر مالئاواییی ئەوانە ئەکەین کە هاتوون و پارەیان داوە، خوا بیانهێڵێ )) (........، ژ٣٤٠ ، ل١-٢).

وەك لە دەورانی حوکمی شێخ مەحموودەوە هەوڵ بۆ کڕین و هێنانی چاپخانەی تازە بۆ سلێمانی درابوو، پیرەمێردیش ئەو چاپخانەیەی بۆ مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی وەك ئەم شارە بەوپەڕی پێویست زانیوە: ((ساڵەهای ساڵە ئەم میللەتە بۆ موئەسسەساتی خەیرییە لە ئەندازەی قووەتی خۆیان زیاد پارە ئەدەن، هیچی بە نصیبی ئیشێکی خێر ناکا. لە ذەکاو شیعر و ئەدەبا سلێمانی صەد مەزامیری"سلێمان"ی هەیە، هێشتا مەطبەعەیەکی بۆ نەلوا ئەو ئاثارە نایابانەی پێ‌چاپ بکا، جارێك دوازدە هەزار ڕووپیە لە بەلەدییەی پێشوو دانراوە، دووجاری تر بە ناوی مەطبەعەی زانستی‌یەوە پارەیەکی بێ‌حیساب کۆکرایەوە، کەچی هێشتا بەدەست و بەپێ و بە حرووفاتی کۆنە بەقەد پێستە سمۆرەیەك غەزەتە دەرئەچێ لەهەموولایەکەوە داوای دەکەن.... ئەمسالێ هاتین بۆ حرووفات یەکدوو یاریمان بە تیاترۆچییەکان تەرتیب کرد، مایەوە سەر جارێکی تر کە ئیشمان تەواوبێ. جاریێ تیاترۆ مەنع کرا، بۆ ئەمەی ڕوخصەتیان بۆ وەربگیرێ هەوڵ و تەقەلاماندا و لەلای موتەعەصیبەکان ڕیسوا بووین کە حاجی تەرویجی تیاترۆ ئەکا. کەچی لەپڕێکا مەکتەبی موتەوەسیطە بۆ خۆیی فڕاند و ئێمە ماینەوە. دە باوکم وەرن حیسابی ئەم پارانە بدەین بە میللەت لەپێشدا ئێمە: وا هیچ نەبێ ئێمە چوارصەد ڕووپیەمان بۆ هاتۆتە کایەوە و وا لە صندووقی بەلەدییەدا تا دەبێ بە پێنجصەد و بە ڕاست و ڕەوانی ئەیدەین بە حرووفات..)) (میللەت حیسابی ئەوێ، ژ٣٤٣، ل١).

کۆششی پیرەمێرد بۆ کۆکردنەوەی بڕە پارەیەکی باش بۆ حەرف کڕین، لەبەر بێ‌ئەنجامیی بێزاری کردووە و، کەچی هێشتا نائومێد نەبوە: ((ئەوەندەمان پیتاك و پیانقۆو بلیتی تیاترۆ بۆ- مەنفەعەتی عوموومییە- بەسەر خەڵکا بڕی و هیچیشمان دیار نەبوو، هەموو وەڕست بوون. بەڵام ئەمجارە ژیان دەستلەبەر بووە شەوی ئەم جوعمەیە تیاترۆکە بۆ حرووفاتی ژیان یاری بکا، پارەی ئەمجارە لەگەڵ پارەی پێشوودا کە لە صندووقی بەلەدییەدا هەڵگیراوە حرووفاتی پێ بکڕێ و ژیان وای لێ بێ کە بخوێنرێتەوە و بەڵێن ئەدەین کە ئەم پارەیە هیچی لێ نەیەت و بدرێ بە حرووفات. خۆیشمان چەند و چۆنی پارەکە لە غەزەتەدا دەنووسین و هەرچی پارەی داوە ئەتوانێ لێمان پرسێتەوە، تووڕەنابین)) (هیوای ژیان، ژ٣٥٢، ل٢).

ئەو هەوڵانە دواجار سەریان گرتووە و، پیتی تازە بۆ چاپخانە کڕدراوە و، لە (ژ٣٦٤)ی ڕۆژی ٢٥ی مایسی١٩٣٣دا بەکار هێنراون. ئەشێ پیتە تازەکان لە مایسی ئەوساڵەدا پەیداکرابن، پیرەمێرد لە(مزگێنیی دڵ تازەبوونەوەی خوێندەواران، ژ٣٦٤، ل١)دا ئەوەی بەخۆشییەوە گێڕاوەتەوە و بە مایەی جێبەجێبوونی مەراقێکی خۆی داناوە کە ئەویش لەچاپدانی شاکارەکانی پێشینانە، لەوبارەیەوە نووسیویە: ((هەرچۆنێ بوو وا خوا ڕێکی‌خست پیتی تازەمان بۆ چاپخانە پەیداکرد. وا دەیبینی کە ژیان ژیایەوە و کەوتە شکڵ و ڕەنگێکی واوە کە بخوێنرێتەوە. تائێستا من خۆم ڕووم نەدەهات بە کەس بڵێم ژیان بکڕە، چونکە نەئەخوێنرایەوە. هەرشتێکی جوان بنووسرایە بەفیڕۆ ئەڕۆی و، بۆ کڕیاریش نەئەچوو. ئیتر خوا یار بێ لەمەودوا هەم غەزەتەکەشمان جوان دەرئەچێت و، هەم بۆ ناردنیشی بەڵێن ئەدەم کە بە ڕیز بۆ هەموولایەك بنێررێ و بگا... ئینجا دەمێنێتە سەر ئەمە کە ئەوی لە هەمووشتێك لەلامان پێشترە، کتێب و ئاثاری پێشینان چاپ بکەین. ئەگینا لە کەس ناپاڕێمەوە ئابوونە بێ یا بیکڕێ. ماڵ خۆی برەوی نەبێ، بە خاطر نافرۆشرێت. ئینجا ئەزانین کە ذەوقێکی گیانی بۆ ئاثاری ئەدەبی هەیە و هەمووکەسێکیش"ژیان"ی بە دڵ خۆش ئەوێ ئەگەر خۆی جوان دەرچوو، لە شوێنی ئەگەڕێن و دەست بەدەست ئەیفڕێنن. هەر لە شار بەقەد نیوەی خوێندەوارەکانی لێ بفرۆشرێ بەسە. خۆ ئەیزانم هەفتەی پێنج فلس طەڵەبەیێك ئەتوانێ بیدا بە غەزەتە یەکدوو مودیرو چەند موعەللیمێك ئەزانم کە ئامۆژگاریی منداڵانیان کردووە هەفتەی غەزەتەیێ بکڕن و بخوێننەوە بەرخورداربن، بە تیرێ دوو نیشان ئەشکێنن، جارێ غەزەتە بۆ خوێندنەوە زۆر باشە، دووەم غەزەتەکەیش کە زۆری فرۆشرا برەوی چاکتر دەبێ فارس ئەڵێ- ببینم و تعریف کنم-)) (ژ٣٦٤، ل١).

دوابەدوای ئەم چاکبوونەی وەزعی چاپخانە، پیرەمێرد بۆ زیاتر بازاڕ و کڕیار پەیداکردن بۆ"ژیان"، نرخی بەشداریی ساڵێکی ڕۆژنامەکەی کەم کردوەتەوە بۆ٣٠٠ فلس، تا نرخ گرانی نەبێتە بەهانەی نەکڕین: ((غەزەتەی ژیان کە وەك بیبیلەی چاوی شارەکەمانە، چەندێك هیچی تیا نەدەنووسراو لەدواییشدا پیتەکانی سوابوو، چاپەکەی وای نەدەگرت بخوێنرێتەوە و، جگە لەمانەیش زۆر کەس کە لەپێشدا کڕیاری بوو، نەیدەویست یا بۆی نەدەچوو. لەبەرئەوە بۆ ئەمەی بڵێین غەزەتەمان هەیە بە پارەی بەلەدییە دەردەهات، تەنها کەڵکی جاڕچییەتیی پێوە بوو. ئێستا خوا ڕێکی خست پیتی تازەی بۆ کڕرا، باش ئەخوێنرێتەوە. سیٚچوار داستان و پەندی پێشینان و دوانزە سوارەی مەریوان ئەنووسیٚ کە ئەگەر تەنها ئەوانە جویٚ بنووسریٚ، لە پارەی ساڵێکی غەزەتەکە زیاتر پارەی پیٚ ئەدریٚ و(ماستاوەکەیشی بووە بە شەربەت). ئینجا ئەتوانین وەك جاران بۆ کڕیارەکانی پێشووی بنێرین و لێمان گل بدەنەوە. لەگەڵ ئەمەیشا فیداکارییێکی ترمان کرد، لە بەدەلی سیٚ یەکێکمان لیٚ فریٚ دا هێنامانە سەر سێصەد فلس کە پارەی ئێوارەیێکی سەرچنارەو، خۆیشم بەڵێنێکی پیرەمێردانە ئەدەم لەمەودوا هەموو نوسخەیەك خۆم ڕەوانەی بکەم. وا بە دەستووری جاران هەموو ئابوونەیەك کە خۆمان بە صاحێب هیممەتی ئەناسین غەزەتەی بۆ ئەنێرین و ئەبیٚ لە هەموولایەکیشەوە پارەی ئابوونەمان فریاخەن! )) (غەزەتەی ژیان، ژ٣٧٢، ل١).

**١. ٦. وێنە:**

ڕۆژنامەوانیی سلێمانی تا ئەووەختە هێشتا هیچ وێنەیەکی نە فۆتۆگراف و نە قەڵەمکێشی بە زەنکۆگراف تێدا بڵاو نەبووبووەوە. ئەو کارە، بەحوکمی نەبوونی پێویستیەکانی تەکنیکێکی پێشکەوتووی چاپ و بیٚداروباریی چاپخانەکەی بەلەدییە، لە بەغدا کراوە. بەڵام ئەم دەورە هەوڵی هێنانەمەیدانی وێنەیش دراوە، لە تاقە ژمارەیەکدا (ژ٣٣٦، ١ی ئەیلوولی١٩٣٢، ل١) وێنەیەکی قەڵەمکێشی پێوانە (٣,٣ ×١١,٩سم) لەگەڵ وتاری (چیٚبکەین بۆ پێشکەوتنی منالأنمان؟)دا بڵاوبووەتەوە.

تەرخانکردنی وێنەیەکی وا، کە ئەوسا بەزەحمەت جێبەجیٚ بووە، بۆ منالأن، سەرباری گرنگییە تەکنیکیەکەی بۆ ڕۆژنامەوانی، نیشانەی بایەخدانی ڕۆژنامەکە بووە بە منالأن وەك نەوەی نویی جیی ئومێد و چاوەڕوان لێکراوی دەسکەوتی گەورە.

**١. ٧. زمان:**

ئەگەرچی هەر شێوەی ناوچەییی سلێمانی لەم خولەیشدا زاڵ بووە، بەڵام کوردیەکەی بەگشتی یەکجار ڕەوان و تۆکمە و داڕێژراوو، پیرەمێرد وتەنی، دیوانی بووە و، کەمتر وشەو زاراوە و دەربڕینی عەرەبی و بیانیی تێدا بەکارهێنراوە و، بایەخێکی بیٚئەندازە بە دەوڵەمەند و بژار و خزمەتکردنی دراوە و، بەرە بەرە وشەو زاراوەی کوردیی پەتیی بۆ یەکەمجار تێدا هێنراوەتە بواری نووسین و زیندووکراوەتەوە. ئەم لایەنە وەکوو مۆرکێکی تایبەت بە ڕۆژنامەکەوە دیارە. پیرەمێرد هەووەڵ و یەکە دەوری کاریگەری بۆ ئەم مەبەستە هەبوە. خۆی لە (سەرپەڕە، ژ٣٣٢، ل١)دا نووسیویە: ((ژیان ئەو ڕێیەی کە ئەمڕۆ گرتوویە لە شوێن زبانێکی ڕاست و ڕەوان و بیٚناوئاخن دەگەڕیٚ کە ئەو زبانە لە دیوانا و لەناو هەموانا پەسند بکریٚ و بێتە بەرهەم ئینجا هەرکەس ئارەزووی ببیٚ بە کەڵکی ژیان بشیٚ دەبیٚ کوردیی خاوێن بنووسیٚ)).

ژیان، ئەم خولە لەڕووی زاراوەسازی و کوردیی پەتی نووسینەوە، لەڕادەبەدەر پێشکەوتووە و ڕەنگ‌وبۆیەکی کوردانەو ڕەسەنی گرتووە. پیرەمێرد، لە زاراوەسازی و دۆزینەوە و بەکارهێنانی زۆربەی وشە کوردیە پەتیەکاندا، کارامەیی و وەستاییی نواندووە، هێنانەوەی ئەمانەیان بۆ مێژووی زمانی کوردی، بە سوودبەخش دائەنێم:

ئاغەڵ: حظیرة (بۆ مرۆڤ) (ژ٣٤٢، ل٣)

ئافەراندن: داهێنان (ژ٣٨٠، ل٣)

ئەستێڵ: عەمار، خزان (بۆ نەوت) (ژ٣٨٤، ل١)

بردە: حقوق (ژ٣٩١، ل١)

بنەجووت: مەزرەعە (ژ٣٧٩،)

بوارەپێدان: دەرفەت پێدان، مجال (ژ٣٤٠، ل١)

بۆشی: فراغ، بەتاڵی (ژ٣٥١، ل١-٢)

بەرەتا: سەرەتا(ژ٣٢٧، ل٤)

بەشدار: هاوبەش، مشارك (ژ٣٢٢، ل٣)

بێکەسخانە: لانەی بێکەسان (ژ٣٩٠، ل٤)

پەخشان: نثر (ژ٣٣٤، ل٢)

پەراگەندە: پەرش وبلاو، دابڕدابڕ (ژ٣٢٧، ل٤)

پەروەردە : تەربییە (ژ٣٢٩، ل٢)

پەڕۆدڕی: چۆنیەتی قوماش بڕین (ژ٣٢٥، ل٣)

پیاسە: مەیدان، بوار (ژ٣٨٠، ل١)

پیت: حەرف (ژ٣٧٢، ل١)

تراژەدی: مەرگەسات، مأساة (ڕەنگە بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بەکار هێنرابێ) (ژ٣٢٨، ل٣)

تۆپبازی: فوتبۆڵ، تۆپی پێ (ژ٣٩٦، ل١)

تەقورەو: تەکودەو، نەمانی ئاسایش و ڕەوکردن لەترساندا (ژ٣٢٦، ل١)

تەماشاخانە، تەماشاگا: شوێنی تەماشاکردن (ژ٣٦٩، ل١)

تەندروستی: لەشساغی، صحة (ژ٣٧٠، ل١)

تیپ: فریق (٣٩٤، ل٣)

تیپەن تیپەن: دەستە دەستە (ژ٣٩١، ل٢)

جوانکاری: صەنایعی نەفیسە (ژ٣٣٥، ل١)

خوڵك: تەبیعەتی مرۆڤ، زەوق و تاقەت (ژ٣٦٥، ل١)

خۆولاتی: هاوولاتی، مواطن (ژ٣٤٧، ل٤)

خێو: خاوەن (ژ٣٢٩، ل١)

خەنیم: نەیار، ناحەز (ژ٣٣٠، ل١)

دایاخ: کەڵك (ژ٣٧٤، ل١)

دەست لەبەر: مسۆگەر، دەستەبەر کە ئەبێ شێوەیەکی دواتری وشەکە بێ (ژ٣٥٢، ل٢)

زانین: علم، زانست (ژ٣٩١، ل١)

سپای زۆربگیر: تجنید اجباری (ژ٣٧٦، ل١)

سروشت: تەبیعەتی مرۆڤ (ژ٣٩٣، ل١-٢)

سەرپەڕە: پارچەکاغەز، کارت، ناونیشانی سەرەوەی پەڕە (ژ٣٣٢، ل١)

سەربەند: شیعری سەرەتای گۆرانی (ژ٣٤١، ل٢)

سەرستوون: سەروتار، ناونیشانی ستوون (ژ٣٣٥، ل١)

سەرەتا: بیدایەت (ژ٣٩٣، ل١-٢)

سەیرکەر: متفرج، تەماشاکەر ( ژ٣٩٤، ل٣)

سێورسات: خەرج و باج (ژ٣٣٤، ل١)

شیلاوگە: نەوتی کاڵ، پەترۆڵ (ژ٣٥٤، ل٢)

فره لق: متعدد الفروع (ژ٣٧٩، ل٣)

کارخانە، کارگە: مەعمەل، فابریقە (ژ٣٨٤، ل١، )

کردوکۆش: هەوڵ و تەقەلا بۆ ژیان (ژ٣٨٠، ل٢)

کردە: اخلاق (ژ٣٩١، ل١)

کرێکار: عەمەلە (ژ٣٨٤، ل٢)

کشتوکاڵ: زەراعەت (ژ٣٥٩، ل١، ژ٣٧٩،)

کلکەلەقێ: تبصبص (ژ٣٤٢، ل٣)

کۆکردنەوە: سڵ کردنەوە (ژ٣٥٨، ل٢)

کۆمەڵی هەمووتیرەی ژنان: جمعیتی بینالمللی نسوان (ژ٣٦١، ل٣)

کەلوو: بورجی ئاسمان (ژ٣٩١، ل٢)

کەمتەرخەمی: بێموبالاتی (ژ٣٨٣، ل٤)

لاپلەرسەنگ: خۆتێهەڵقورتێن (ژ٣٦٩، ل١)

لاپۆرە: گەدا، نەدار (ژ٣٨٧، ل٢، ژ٣٩٥، ل١)

لق: بۆ بەش(فرع)ەکانی ئەدەبیات و... (ژ٣٨٠، ل٣)

لەلەوبڕی: لێ دابڕین و گۆترە (ژ٣٨٧، ل١)

گوڵەوەچنی: چنینەوەی پاشماوەی گوڵەگەنم دوای درەوکردن (ژ٣٢٢، ل١)

مامناوەندی: ناوبژی، وساطة (ژ٣٥٩، ل٢)

مناڵخانە: باخچەی مناڵان، شوێنی بەخێوکردنی مناڵ، روضة (ژ٣٦١، ل٣)

مەجری: سنووقی چکۆلە (ژ٣٨٨، ل١)

نووسیار: کاتب (ژ٣٨٢، ل٣)

نموونەنمایی: نیشاندانی نموونەی ئیش (ژ٣٢٩، ل١)

نوێنە: معرض، پیشانگا(ژ٣٢٩، ل١)

هونەرنمایی: هونەرنواندن (ژ٣٦٩، ل١)

وردەبین: زەڕەبین، مایکرۆسکوب (ژ٣٣٥، ل٢)

وەرگێڕان: تەرجەمە (لەشەوا، ژ٣٢٦، ل٢)، ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیەی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە.

گوڵەژەن، گوڵەماشەڕ، قانگڵە، تەشیلە، بنەژیلە، دووخ، ژێ، دەسکوڵەجە، گویێ چەنە، پلی پێچ، گورزەهۆن، تیک و بن تیک، تەریب، قومامە، شیرمە، باقیە، هەڵپێچ، پشت ماسوولکە، حەوزی، چۆغەبازەڵە، مەکۆکردن(ژ٣٨٢، ل١). مژان، دەستەدوو، جلە، کۆمانج، ئەستوون، مێخ، سووتەنی، دەستدار(ژ٣٨٢، ل٢). قالۆر، شکارتە، گۆخڵ، کەرتەشی (ژ٣٨٢، ل١). کاڵەکی قەرەیی (ژ٣٨٣، ل١). ئۆیە، پێچۆلەکە، کۆترە باریکە (ژ٣٢٩، ل١). ماناکانیان، بەپێی هەردوو فەرهەنگی خاڵ و هەنبانە بۆرینە، بەم شێوەیەیە:

ئۆیە: جۆرە چنراوێکی تەنکی کون کونە بۆ جوانی ئەگیرێ بە قەراغی شتدا.

ئەستوون: کۆڵەکەی دەوار.

باریکە: دروومانی سەرپەراوێزی کەوا.

باقیە: تەقەڵ.

بن تیک: پێکەوەنانی پارچەی کالاً بە دروومان لەپێش هەڵپێچدا.

تەریب: ڕاستە دروومانێکە چەپ وچێڕ بەسەر باریکەو جوستەدا، لەکاتێکدا جوستە ڕیزە دروومانی تەنیشت باریکەیە.

تەشیلە: لۆکە یا خورییەکە بە خەڕەك ڕێسرابێ و لە دووخ داماڵرابێ.

تیك: دروومانێکە لەپێشدا دوو پارچە لەیەك ئەدرێ و هەڵئەدوورێ و، پاشان جەمسەری هەردوکیان دائەگیرێتەوە.

چڵە: دارێکی درێژی دووپەلە ئەدرێتە بەر ئەو گوریسانەی کە بە مێخی دەوارەوە بەستراون بۆ گورجکردنەوە تا شل نەبنەوەو دەوارەکەیش دانەتەپێ.

چۆغەبازەڵە: بزەڵە بەراز، بێچوە بەراز.

دووخ: شتێکی لووت تیژە بە خەڕەکەوە ڕێسراوەکەی لەسەر هەڵئەکرێ.

ژێ: ڕیخۆڵەی بادراو بۆ کەوان.

دەستدار: بەدەستەڵات.

دەستەدوو: دارێکە ئەکوترێ بەسەر هەوجاڕداو کاتی جووت دەستی پێ ئەگیرێ.

دەسکوڵەجە: جێی دەست پێوەگرتنی خەڕەك لەکاتی بادانیدا.

سووتەنی: سووتەمەنی، داری سووتاندن.

شکارتە: پەڵە دەغڵێکی پچووك.

قالۆر: قەدی گیایەکە کلۆر بێ.

قانگڵە: بەن و دەرزوویەکە لەسەر پەنجەکەڵەو پەنجە تووتە هەڵکرابێ.

قومامە: تەقەڵێکی گەورەی ئەمدیو و ئەودیو کە ناوبەناو لە دۆشەك ئەدرێ.

کۆمانج: دارێکی درێژە بە ناوەڕاستی دەواردا ڕایەڵ ئەکرێ و ئەستوونی ئەدرێتە ژێر.

کەرتەشی: گیایەکی دڕکاوییە، نێرکێکی تۆپزی لەسەرەوە هەیە.

گوێچەنە: بنەتەشی، چەرمێکی خڕە دووخی خەڕەکی پیائەکرێ.

گورزەهۆن: جۆرە هۆنینەوەیەکە ئەبێ چوار لیسپ بێ.

گوڵەژەن: جۆرە دارێکە شتی ڕێسراوی لەسەر ئەکرێ بە گلۆڵە.

گۆخڵ: مەرەزەوان.

مژان: دارێکی درێژی ئەستوورە سەرێکی لە ئێرەق توند ئەکرێ و سەرەکەی تری ئەکرێ بە وێژانبەر.

ماشەڕ: کلاڤە بەنێکە لەنێوان دوو ئەژنۆدا هەڵئەکرێ.

مەکۆکردن: حەشاردان.

مێخ: سنگ.

هەڵپێچ: لوولدانی سەری بن تیك و دروونی.

### ١. ٨. ژمارەکانی (٤٠١ - ٤٠٦):

"ژیان"ی ئەم خولە، ژمارەکانی (٤٠١ تا ٤٠٦)ی بێسەروشوێنن و سۆراخیان نییە. بەداخەوە ئەم مەسەلەیەیش، وەکوو چەندەها مەسەلەو کێشە و خاڵی گرنگ و گەورەو پچووکی مێژوومان بەگشتی و مێژووی ڕۆشنبیریمان بەتایبەتی، لەبەر نەبوونی بەڵگەی بڕواپێکراوو هاوزەمان نەنووسرانەوە و نەبوونی هۆش و خولیای مێژوونووسین، هێشتا بەنادیاری و پەردەپۆشکراوی ماوەتەوە.

ئەو شەش ژمارەیەیش، وەك بەهەشتی عەلادین سەجادی لە (یادی پیرەمێرد، ل١٧)دا وتوویە، هی کاتێکە کە هەر بەلەدییەی سلێمانی خاوەن و پیرەمێرد بەڕێوەبەری ئیدارەخانەو نووسینی ژیان بووە. پیرەمێرد کە سەرەتا ئەرکی بەڕێوەبەریەکەیی گرتووەتە ئەستۆ، نووسیویە: (("ژیان"مان نزیك بوو بە نەمان، چونکوو ئیتر بەلەدییە هیچی پێ خەرج نەدەکرا. ناچار لە گۆشەنشینی هاتمەدەرێ و دەستم دایە داوێنی ژیان...)). واتە بەلەدییە بەدەربەست دەرچوونی ڕۆژنامەکەوە نەبوە. هەواڵدانی پیرەمێردیش لەلایەکەوە بۆ کۆکردنەوەی پیتاك و کۆمەك لە ڕێی پیانقۆ(یانسیب/ سدیق) و تیاترۆ و شتی واوە، لەلایەکی ترەوە هاوار لێ هەستانی بۆ دەست خستنەوەی پارەی ئابوونەی ڕۆژنامەکە، چونکە کڕیاران وەکوو پێویست بەدەنگیەوە نەهاتوون، هەموو ئەمانەیش بۆ دابینکردنی حەرفەکانی چاپخانە، بەڵگەی ئاشکرای ئەو بێدەربەستییەی بەلەدییەن.

وای بۆ ئەچم، ئەو وەزعە شێوە ناڕێکی و ناکۆکییەکی لەنێوان پیرەمێردی بەتەنگەوەهاتووی بەردەوامیی ڕۆژنامەکەو بەلەدییەدا نابێتەوە. خۆی، دواتر لە (ژیان ژیایەوە، ژ٤٠٧، ١٦ی ئاغستۆسی١٩٣٤، ل١)دا، "ژیان"ی بە (بەستەی زنجیر)، واتە بێسێودوو بەستراوی زنجیری بەلەدییە، داناوە. ئاوا ئاماژەیەکی لامسەلاییی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە: (( ژیان تووشی دوو دەردی گران بووبوو، یەکێ بێ پیتی. بێحەرفی. دووەم بێ پیتی، بێبەرەکەتی، پیتی سوا بوو

نەدەخوێنرایەوە، پیتی نەمابوو نەدەفرۆشرا. جورمی هێندەی پێستە سمۆرەیەك بوو، بەستەی زنجیرو خەستەی زنجیری ئیعلانات. خوا بەرخورداری کا ئەحمەد بەگی موتەصەڕیفمان کەوتە فریای، ئەمە بە ڕیایی ناڵێین، ڕاستو دروست لەمەیدانایە، "ژیان"ی ژیاندەوە، لەکۆڵ بەلەدییەی خستو بەلەدییەیشی لە کۆڵ ئەو خستو خستیە ژێر ئیدارەی پیرەمێردەوە. ئێستا خوا ڕەوای بینێ ئازادو بۆ خدمەت ئامادەیە)).

بەوپێیە، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ کە دەرکی بەو خەمساردییەی بەلەدییە کردووە بەرامبەر بە"ژیان"ی دەستنێژی خۆی، لە کۆڵی یەکتری کردوونەوەو، بووەتەوە بە مایەی ژیانەوەی ژیانو سپاردوویە بە "پیرەمێرد"ی شایستەی ئەو کارە. ئەوە بە خزمەتێکی مێژوویی بۆ ئەحمەد بەگ لەقەڵەم ئەدرێ.

عەلادین سەجادی لە هەمان سەرچاوەدا (ل١٧) نووسیویە: پیرەمێرد لە ١٤ی ئابی ١٩٣٤دا چاپخانەکەی لە بەلەدییە بەئیجار گرتو ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیشی بۆ خۆی وەرگرت. ئەوەبوو ژمارە (٤٠٧)ی لە ١٦ی ئابی ١٩٣٤دا دەرکرد، بەڵام بە قەبارەیەکی گەورەتر (تابلۆید)، نەك (٢١ × ٣٤سم)ی پێشوو.

ماوەی نێوان دەرچوونی هەردوو ژمارەی (٤٠٠-٤٠٧)، سێ مانگی ڕەبەقەو، ئەو شەش ژمارەیەیش لەو ماوەیەدا دەرچوون کە بۆ ڕۆژنامەیەکی حەفتانە تاڕادەیەکی بەرچاوو درێژە. ڕەنگە بەتایبەت ئەو ژمارانە، لەبەر خراپیی چاپخانەو حەرفەکانی، خراپو ناشیرینو بە ژمارەیەکی زۆر لەجاران کەمتر دەرچووبنو فرۆشیان هەر زۆر کەم بووبێ، بۆیە وا ئێستا هیچ دانەیەکیان لێ دیار نییە. ڕەنگیشە جۆری کاغەزەکەیان، لەبەر شڕیی حاڵی ئیدارەخانەی ڕۆژنامەکە، یەکجار خراپ بووبێو، بەرگەی مانەوەی نەگرتبێ. هەرچۆنێك بێ، تا ئەو ڕۆژەی کە زانیاریو بەڵگەی دروست ئەکەونە بەردەست، ئەو بۆچوونانە هەر لە جوغزی مەزەندەدا ئەمێننەوە.

١. ٩. **نووسەرانی ئەم بەشە:**

١. أ. ب. هەوری: ئەبوبەکر شێخ جەلالە.

یەکەم شیعری لە (ژ٣٧٥)ی ڕۆژی ٣١ی ئابی١٩٣٣ی"ژیان"دا بلاْبووەتەوە. ئەوسا قوتابی بووە.

٢. ئەحمەد حەمدی بەگ: ٢ شیعری هەیە.

٣. پیرەمێرد:

بە ناسناوەکانی (قەرەداغی، نیقابداری بەرگ سپی، بێنەوا) یشەوە شیعر و نووسینی بلاْوکردوەتەوە. دوو ئەڵقەکەی شەرەفنامە، وەك پیرەمێرد لە ( نەتەوەو زبانی کورد )دا وتوویە، ئەو وەریگێڕاوە. بەوپێیە پیرەمێرد یەکەم کەسە بایەخی گەورەی شەرەفنامەی زانیبێو بیری لە کردنەکوردیی کردبێتەوەو دەستی پێکردبێ. بەڵام بەداخەوە دواتریش هەر یەکدوو ئەڵقەیەکی تری لێ بلاْوکردووەتەوە. ئەم کارە نیشانەی مێژوودۆستیی پیرەمێردە.

زنجیرە وتاری (ئەدەبییاتی کوردی) کە لە ژمارەکانی ٣٧٩، ٣٨٠، ٣٨١، ٣٨٣، ٣٨٥، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩٨ دا بلاْبووەتەوە، هی پیرەمێردە، چونکە لە ئەڵقەی (٩)هەمیدا وتوویە ((وەکوو موددەتێك لەمەوپێش بە موناسەبەتی لەچاپدانی دیوانەکەیەوە -واتە دیوانی نالی/ سدیق- وتبووم: ئەو شیعری بۆ شیعر وتووەو لەدنیادا دوو شتی ویستووە: شیعرو وڵات)). مەبەستی وتاری ( خدمەتێکی بێهەمتا بە موناسەبەتی طەبعی دیوانی نالییەوە)یە کە پێشتر لە ( ژیان، ژ٢٩٣، ل ٢-٣ )دا بەناوی پیرەمێردەوە چاپ بووە.

٤. جەلال قادر: نەبیستراوە دواتر درێژەی بە نووسین دابێ. هەر یەك وتاری هەیە.

٥. فەرامرز: ژیان، "ڕەشید نەجیب"ی بە فەرامرزی ئەدەبیات ناوبردووە (ژ٣٦٩، ل٣). ٢ شیعری هەیە.

٦. شێخ سەلام: ٢ شیعری هەیە.

٧. شاکیر فەتاح: ١ شیعر و ٣ پەخشانی هەیە.

پەخشانی (فرمێسکی مەم) دواتر دووبارە لە گۆڤاری "دیاری لاوان-١٩٣٤"دا بلاْوکراوەتەوە.

٨. گۆران: ٦ شیعری هەیە.

٩. فایەق بێکەس: ٣ شیعری هەیە.

١٠. نەجمەدین حاجی مەلاڕەسووڵ"ن. ئاری": ١ شیعری هەیە.

پێشتریش لە (ژ٤٧)ی "ژیان"دا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەمجارە دوو بەیتی زیادەی سەر خستووە، لە دوا بەیتدا ناسناوی "شەوقی"و لەژێر ئەویشدا ناوی ڕاستەقینەی خۆی "نەجمەدین لە نەوەی حاجی مەلاڕەسووڵ" هێنراون.

١١. أ. ع. خەیاط: نەناسرایەوە.

١٢. پەروێز: نەناسرایەوە.

١٣. سیاپۆش، نیقابداری سیاپۆش:

هەر یەك کەسن و، ئەم بابەتانە هی ئەون: لە شەوا، شیرین لە سەرەمەرگا، شین بۆ گوڵێ، ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان (بە دوو ئەڵقە).ڕەنگیشە ئەو ناسناوە پیرەمێرد بۆی دانابێ. شین بۆ گوڵێ و ئەو دوو بەشەی شاعیرەکانمان دواتر بەبێ ناو لە گۆڤاری "یادگاری لاوان-١٩٣٣"دا بڵاوبووەتەوە.

بەڕێز غەفووری میرزا کەریم کە کاتی خۆی ناوە نادیارەکانی ئەو گۆڤارەی بە یاریدەی چەند نووسەرێکی بەشداری ساغ کردووەتەوە، وتوویە ئیبراهیم ئەحمەد وتاری (ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان)ی نووسیوە[1]. ئەو وتارە لە "ژیان"دا بەناوی "سیاپۆش"ەوە بڵاو بووەتەوە. ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٥یش جەختی کردەوە کە"سیاپۆش"، وەك بۆی دەرکەوتووە، بێئەملاوئەولا ناسناوی ئیبراهیم ئەحمەدە. سیاپۆش لە یەکەم بەشداریدا بۆ بەڕێوەبەری "ژیان"ی نووسیوە: ((ئەوی لەدەستم دێت نووسینی هەندی مەقالەی ئەدەبییە بە کوردیی پەتی و، یا وەرگێڕانی مەقالاتە لە ڕۆژنامەکانی غەربەوە بۆ کوردی)). جارێ ئەوە دڵنیای کردووین کە خاوەنی ئەو نووسینانە پیرەمێرد نییە کە زمانانی ڕۆژئاوای نەزانیوە. زانراویشە کە برایم ئەحمەد ئەودەمە قوتابیی چوارەمی سانەویی بەغدا بووەو دەستی وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە هەبوەو، هەتا وتاری دژی فاشیزم لە ڕۆژنامەکانی بریتانیاوە وەرگێڕاوە[2]. لەلایەکی ترەوە کوردیەکەی ئەو نووسینانە زۆر پەتین و، لێرەولەوێ ڕستەو دێڕی سەرواداریان تێدا نییە کە پێڕەوێکی ناوبەناوی نووسینی پیرەمێرد بووە. بۆیە بێگومانم کە هەر ئیبراهیم ئەحمەدە.

١٣. کوردێك: نەناسرایەوە.

١٤. لاوێکی کورد: زیاتر پێم وایە عەبدولواحید نووری بێ. بەم بەڵگانە:

- کە تەمووزی ١٩٣٣ لە چوارتاوە نووسینی ناردبێ، هاوزەمان ئەوزاتە بەپێی ژیاننامەکەی لەوێ وەزیفەی هەبوە.
- ع. و. نووری بایەخی بە مەسەلەی مناڵ داوەو، تەنانەت نامیلکەی (پیرۆزیی منال)ی بۆ نووسیون.
- ئەو شێوازی نووسینە، لە هی ئەو ئەچێ.

١٥. نەژاد: نەناسرایەوە.

**٢. ناوەڕۆك:**

**٢. ١. بە ژمارە:**

(٣٢٢) لاپەڕەکەی ئەم یەکەم بەشەی چوارەم خولی"ژیان"، جگە لە هەم (٣٢ل) کە تێکڕا پانتاییی پڕکراوەیە بە ناو و ناونیشانی یەکەم لاپەڕەی هەر ژمارەیەك و هەم تەواوی ئەو شەش ژمارەیە کە لەبەر دەستدا نین، وەکوو ژمارەکانی پێشوو، کەموزۆر ئەمانەی تێدا جێ کراوەتەوە:

بابەتی نووسەران

بابەتی نووسەر دیار: ١٣٠، ٤٠,٣٪

بابەتی نووسەر نادیار: ٧,٥، ٢,٣٪

بابەتی بێناو: ١ل، ٠,٣٪

کۆ: ١٣٨,٥ل، ٤٣٪

هەمەجۆر: ١٤ل،٤,٣٪

هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ:

---

[1] غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٣ .

[2] یادگار و هیوا: چەپکە گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن- سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣.

ناوشار (سلێمانی): ٣٣ل، ١٠,٢٪

عیراق: ١٢ل، ٣,٧٪

دەرەوە: ٧ل، ٢,١٪

کۆ: ٥٢ل ، ١٦,١٪

**ئیعلانات: ٨٠,٥ل، ٢٥٪**

**ڕیکلام: ٥ل، ١,٥٪**

**ئەم ژمارانە، وردکردنەوەی لای خوارەوە هەڵئەگرن:**

١. پیرەمێرد، یەکە وتارنووسی ڕۆژنامەکە بووە، لە کۆی (٦١ل)ی تەرخانی وتار، (٥٣ل)ی لێ نووسیوە. (٥٤) وتاریشی هەبوە، چواریان (یادگاری لاوان، سەیرانی پێنجوین، شەرەفنامە، ئەدیسۆن...) بە ٢ ئەڵقەو، یەکیان (ئەدەبییاتی کوردی) بە ٩ ئەڵقە. ئێرەولەوێی وتارەکان سەروای هاوشێوەیان بۆ ڕێك خراوەو، جۆرە ڕەوانیو ئاسانییەکیان لە خوێندنەوەدا پێ بەخشیوە کە ڕەنگدانەوەی بەهرەو سەلیقەی زمانەوانیی پیرەمێردن.

٢. پیرەمێرد، جگە لە چەندین وردە شیعری پەرش‌وبلاو، ١٩شیعری بلاوبووەتەوە کە یەکیان (پەندی پێشینان) بە (٢٠) ئەڵقەو، یەکێکی تریان (ڕۆحی مەولەوی)یە بە (٢٢) ئەڵقەیە. لەکاتێکدا نووسەرەکانی تر کە هەرە زۆریان شاعیرن، (١٨) شیعریان لە نزیکەی (١٦ل)دا هەیە.

٣. پیرەمێرد، جگە لە شیعر، زیاترین بەشداریی بە چیرۆك هەبوە. لەو(٣٠) لاپەڕەیەی ئەم گۆشەیەدا، (٢٨ل)خۆی نووسیویە. لەوانە، یەکیان چیرۆکی مێژوویی (مەم و زین) بە(١٤) ئەڵقەو، یەکێکی تریان (دوانزە سوارەی مەریوان)ـە بە (٩) ئەڵقە.

٤. ئەم وچانەی"ژیان"، لەچاو خۆیدا و بە هەمان پێڕەوی سێهەم خول، (ئیعلان)ێکی زۆر بلاوبووەتەوە و، ٢٥٪ی ئەو (٨٠) ژمارەیەی داپۆشیوە. ڕۆژنامەکە، پیرەمێرد وتەنی، کە ((نزیك بووە بە نەمان، چونکوو ئیتر بەلەدییە هیچی پێ خەرج نەکراوە))، ئەوە لەپاڵ پارەی ئابوونەدا زیندووی کردووەتەوە و هێشتوویەتیەوە.

٥. هەواڵەکانی سلێمانی، کە ئەمجارە سەرباسی (داخیلی) یان بۆ دانراوە، دیسان وەك دوو خولی هەووەڵ، زۆرترین ژمارەی هەواڵی (لەملاولەولا)یان پێك هێناوە. هەواڵ کە لەبنەڕەتدا بڕبڕەی پشتی ڕۆژنامەیە وەك داهێنراوێکی ڕۆژاوا، تا ئەوکاتە و دواتریش، لە"ژیان" و، ڕۆژنامەی کوردیشدا بەگشتی، وەکوو پێویست لاپەڕەی بۆ دابین نەکراوە، چونکە زیاد لە هەر دەرەتانێکی تری بلاوکردنەوەی نووسین، مسۆگەرترین و لەبارترین کەناڵی بلاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران و ئەدەبیات و بیروبۆچوونی سیاسی و کۆمەلایەتی بووە بۆ میللەتێکی وەکوو کورد کە تا ئەوسا تاك‌وتەرا کتێبی لەچاپدراوی هەبوە.

**٢.٢. بە بابەت:**

**٢.٢.١. ئەدەبی:**

ژیان، بەتایبەت لەوکاتەوە کە پیرەمێرد جڵەوی هەڵسووڕاندنیی بەدەستەوە گرت، ڕێباز و ئامانجەکانی گۆڕان و، بەرگێکی ئەدەبیو، بەگشتی ڕۆشنبیریی بەبەردا کرا. ئەو وەرچەرخانە، لەبەرئەوە بوو کە هەم دەرەتانی پێشتری نووسین بەهۆی سانسۆری حکوومەتەوە بەرتەسك بووەوەو، هەم پیرەمێرد وەك شاعیر و ڕۆژنامەوانێکی بەئەزموون بایەخە هەمەچەشنەکانی خۆیی لەم ڕۆژنامەیەدا چەسپاند و، کردیە نەریتێکی باو، تەنانەت بۆ دوای خۆیشی.

٢.٢.١.١. شیعر:

لەپاڵ شیعرەکانی پیرەمێرددا، کە بە شێواز و ناوەڕۆك داڕشتنەوەیەکی خۆماڵی و تازەیان پێوە دیارە، چەند دەنگێکی نوێ– لەپێشتریشەوە– دەرکەوتوون و هەوڵەکانی داهێنانیان لە"ژیان"دا جێ‌کراوەتەوە، لەوانە گۆرانو ڕەشید نەجیبو فایەق بێکەس‌و ئەبوبەکر هەوریو نەجمەدین حاجی مەلاڕەسووڵ. زۆربەی ئەو شیعرانە، ئیتر قۆناغی جارانی کەف‌وکوڵی کوردایەتیو بە ئاشکرا داکۆکیکردن لە کوردیان تێپەڕاندووە، هاتوونە سەر باسی مەسەلە کۆمەلایەتیەکان. ئەو شیعرانە، بەگشتی، کێشی کوردییان تێدا پێڕەو کراوەو، ڕەوانترن و کەمتر وشەی بیانییان تێدا بەکارهێنراوە.

بەسۆرانیکردنی شیعرەکانی"مەولەوی" و بڵاوکرکردنەوەیان بەناوی (ڕۆحی مەولەوی)یەوە، وەك لەلایەکەوە بەهرەی گەورەی پیرەمێردی دەرخستووە، لەلایەکی ترەوە خزمەتێکی شایان بووە بە ئەدەبی کوردی و بە ناساندنی گەورەیی ئەدەبی مەولەوی کە لەبەر نووسرانی بە شێوەی هەورامی، تائێستایش وەکوو پێویست نەخوێنراوەتەوە و نەنرخێنراوە. (پەندی پێشینان)ەکەی پیرەمێردیش کە بەرهەمی ئەزموون و شارەزایی و جیهانبینیی ئەو شاعیرەن، داهێنانێکی تری ئەوزاتە بووە.

ئیتر بەتایبەت لێرەوە شیعری نویی کوردی دەرفەتێکی فراوانتری بۆ ڕەخساوە بۆ بڵاوبوونەوە و گەشەکردنو سەقامگیربوون. ڕەنگە تاکە شیعرەکەی شاکیر فەتاح، لەڕووی شێوازەوە، بە یەکەم هەوڵی شکاندنی بڕگەکانی شیعری کوردی دابنرێ، لەوڕووەوە کە یاریی تێدا بە بڕگەکان کردووە و پارچەی کورتو درێژی لێ پێك هێناونو بە تەرزێکی جیاواز لە هی پێشوو دایڕشتوونەوە.

٢. ٢. ١. ٢. چیرۆك:

چیرۆکی کوردی، کە پێشتر هەندێ نموونەی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، بڵاوبووبوەوە، لێرەوە زیاتر ناسراو بنجبەست بوو. پیرەمێرد هەردوو چیرۆکی درێژی(مەم و زین) و (دوانزە سوارەی مەریوان)ی بە چەندین ئەڵقە بڵاوکردووەتەوە. ئەم دوو شاکارە، وەك درێژەپێدەری کۆششەکانی ئەمەوپێشی خۆیان بوون و زیاتر چیرۆکیان وەك بابەتێکی نوێی ئەدەبی بە خوێندەواری کورد ناساندووە، بە حوکمی مێژووییبوونی ناوەڕۆکیان، دیوێکی شاراوەی مێژووی کوردیان بۆ تۆمارکردووین، کوردیی ئەو دوو چیرۆکە هێندە ڕەوان و پەتی و بێگرێوگۆڵە، بەئاسانی خوێندەواری دڵبەند کردووە.

٢. ٢. ١. ٣. پەخشان:

لقێکی تازەی ئەدەبی کە لەم خولەی"ژیان"ەوە، دوای چەند هەوڵێکی کەمی پێشتر، بەتایبەت لە"پێشکەوتن"دا، بۆ یەکەمجار، کەوتە ناو ڕۆژنامەوانیی کوردی، "پەخشان"ی ئەدەبی بوو. ئیبراهیم ئەحمەد"سیاپۆش، نیقابداری سیاپۆش" و شاکیر فەتاح لەم لایەنەوە هونەر و سەلیقەیەکی بەرزیان نواندووە. کوردییەکی پەتی و شیرین و خەیاڵێکی فراوان و هەست و سۆزێکی ناسك، زادەو هەوێنی ئەو پەخشانانەن. ئەو هەولانە، بۆ ڕۆژی خۆیان، بەرچاو و گەورە بوون. ئەم بابەخە، دواتریش هەر درێژەی پێدرا.

٢. ٢. ١. ٤. لێکۆڵینەوە:

ڕۆژنامەوانیی کوردی، بەگشتی، پێشتر هەوڵی تاكوتەرای بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو مێژووی ئەدەبی کوردی بەخۆوە دیوە. دیارترینیان زنجیرە وتارەکەی شێخ نووری شێخ ساڵحە بە ناوی (ئەدەبیاتی کوردی)یەوە کە لە یەکەم خولی"ژیان"دا بڵاوبووەتەوە.

پیرەمێرد، بە (٩) ئەڵقە (ئەدەبیات کوردی)ی وەك مێژوو بەسەرکردووەتەوە. لە دوو ئەڵقەی هەووەڵدا لە مانای شیعر و شاعیر و جوانکاری و زانست دوواوەو، جوانکاری و ئەدەبیاتی پێ بەهرەیەکی خۆیی بووە. ئەڵقەکانی تریشی بۆ ئەدەبیاتی کوردیی پێش و پاش ئیسلام و ئەدەبیاتی عەوام و بەیتنووسی و شاعیرانی سەردەمی(بابان) تەرخان کردووە. بە وتارێکی(٢) ئەڵقەییش ناوەڕۆکی گۆڤاری (یادگاری لاوان-١٩٣٣)ی هەڵسەنگاندووە.

**٢. ٢. ٢. ئابووری:**

خراپیی باری ئابووریی کوردستانو، بەتایبەت ناوچەی سلێمانی، لەوشتانە بووە کە هەر زوو سەرنجی پیرەمێردی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و خستوویەتیە سەر کەڵکەڵەی لێوردبوونەوە و لەسەرنووسینی.

لە سێچوار جێدا، بەتایبەتی لە بایەخی سەیرانگاو هاوینەهەوار دوواوە و، سلێمانیی بە شوێنێکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە زانیوە، لەبەرئەوەی شاخ وداخ و کوێستانی خۆش و ئاووهەوای فێنك و دیمەنی جوان و دڵگیری زۆرن. بەداخەوە داوای لە کاربەدەستان و پارەدارانی شار کردووە کە لەم ڕووەوە بکەونە خۆیان و هیممەت بنوێنن تا ناوچەکە خێروبێر و قازانجی سەیرانکەرانی تێبکەوێ:

((هیچ جێیەك شك نابەین لە ئاووهەوا و فێنکی و میوەزۆری و هەرزانی بەسەر پێنجوێن و ملەکەوە و شارباژێڕ و گمۆ و ئەبابەیلێ و شندروێ و ئاویسەری ئێمەدا خۆی بنوێنێ ! جگەلەوە وا ڕێی ئوتوموبیلیش بۆ پێنجوێن و سرۆچك

کرایەوە ! با پەنجاهەزار رووپیەش بدەن بە بەلەدییەی ئێمە، بەشە بەشدارین حەقە حەقدارین)) (لەملاو لەولاوە، ژ٣٢٢، ل٣).

((ئێمە تەنها بۆ پێنجوێن نالێین، دە جێگای وامان هەیە ببێتە صەیفییە، ئەگەر یەکدوو کەس بێن تەنها ئەو سێ هەنگاو پلەی ئەزمرە چاك بکەن ئوتومبیل ڕاست و ڕەوان ئەگاتە ملەی پشتی گەورەکە، هەموو فریشتەی ئاسمان سوێند ئەخۆن کە ئەو ئاووهەوا و میوەیە نەك لە لوبنان لە عیراق و سووریەیا نییە، بۆچ هۆمەر قەومی سووورداش، یا مێرگەپانی بەلاش خراپە؟ سا بڵێم چی میرزا تۆفیق تەنهایەو هەر ئەوەندەی لەبارایە؟)) (بۆچ فێری پارە پەیداکردن نەبین؟، ژ٣٦٧، ل١).

((ئەمانە بۆ ڕۆژێك ئەبێ کە خەڵکەکەمان بکەونە سەر سەودای سەوداو سێوچواریان یەك بگرن و سەرمایە یەکخەن، ئەم جۆرە کارانە سەرخەن. ئەگینە لە هیچ دەورو شوێنێکدا حکوومەت نابێتە توجار. مەگەر بەلەدییە پارەیەکی زیادی ببێ و سەربکا بۆ گۆیژە و، گۆیژەیش بنێژێ بە هەموو ڕەنگە دار و درەختێ. ئەوسا شارەکەمان هەوایشی ئەگۆڕێت و ئاویشی زیادئەبێ و ڕەشەبایشی کەم ئەبێ، نەخۆشیی ئێستایشی نامێنێ و بەرەبەرە دەیشبێ بە سەیرانگاه و پارق و ئەیشتوانی ئوتێل و چاپخانەی لێ دروست کەن)) (دیسان خاکەکەمان، ژ٣٨٣، ل١-٢).

پیرەمێرد، بەردەوام ڕووی لە پارەداران ناوە پێکەوە و بەهاوبەشی چالاکیی ئابووریی گەورە بگەیەننە ئەنجام بۆ بەرهەمێکی کشتوکاڵیی هەرە گرنگی ئەو زەمانە کە تووتن بووە، تا خۆیان قازانجی باشی لێ بکەن و خەڵکی ولاتەکەیش لێی بەهرەمەند بێ: ((توخوا پارەدارەکانی سلێمانی! ئەگەر لەناو خۆتان ئەم قینەبەریە لانەبەن و نەکەونە یەك، ئەوسا بەپیتاك هەرکەسە لەسەر بەشی خۆی بە هاوبەشی(ئۆنۆنیم) کارخانەیەکی شەکر و چەند ئوتومـوبیلێکی گەورەی دارخەڵووز نەهێنن و ئەمدیوی گۆیژەیەش نەنێژن بە کەستانە... ئەو ڕەنجەی لەگەڵ توتونی ئەدەن زەویەکەی بکەن بە چەوەندەر و بە ئۆنۆینم فابریقەیەکی شەکر بێنن صەد ئەوەندە چاترە)) (........، ژ٣٢٨، ل١-٢).

"لاوێکی کورد"یش هاومەبەست داوای لە ساماندارانی کورد کردووە بیر لە پێکهێنانی کۆمپانیایەکی هاوبەشی تووتن بکەنەوە: ((ئەبێ هەموو مەردێکمان چاك بزانین ئەگەر چەند شیرکەتێکی ئیقتیصادی تەشکیل نەکەین، هەموو خۆمان بە مردوو بژمێرین و هەموو ئەملاك و ئەڕازیمان ئەفرۆشین بە شیرکەتەکان. خۆشمان عەمەلەیەتیمان دەست ناکەوێ و سەفیل و سەرگەردان ئەمێنینەوە)) (سامانی ولاتەکەمان، ژ٣٤٥، ل٢-٣).

لەبەرئەوەی هیچ دەست پێشخەری و کۆششێك لەئارادا نەبوە، پیرەمێرد هاواری لێ هەستاوە: ((ئەم هاوارەمان بە سۆزە و کزەی جەرگی هەموو دەردەدار و فەقیر و هەژارەوەیە، وەختی کردوکۆشییە توتون نێژراوە ئاودێرو وەچ و خدمەتی ئەوێ. دەهقان و دێکانی فلسێکیان نییە، بێپارەیی هێزی ئەژنۆی خەڵکی بڕیوە... لەڕیی خواو پێغەمبەر و موقەددەسات فریای لادێییی داماو و زوڕڕاعی کارناتەواو بکەون، لەدەست خۆێن مژینی پارەدارە طەمەعکارەکانیان دەرکەن، بە هەر ڕەنگێ ئەبێ ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی تەشەبوث بە تەشکیلی شوعبەی بانقێك بفەرموون)) (گەیشتە تینمان وا هاوار ئەکەین، ژ٣٧١، ل١).

پیرەمێرد، لەوە دڵنیا بووە کە کوردستان ولاتێکی کشتوکاڵییەو، زەویەکەی زۆر بەرهەمی چاك بەدەستەوەئەدات، بەلام نە جووتیاری کورد بەرنامە و ڕێوشوێنی تازە و خێرا و ئاسانی بەرهەمهێنان ئەزانێ و هەوڵی فێربوونی ئەدات و، نە دەوڵەمەندەکانیش دەستیان ئەگرن و کۆمەك و هاوکارییان ئەکەن. نەبوونی ڕێگاوبانی چاکیش کە بەش بەخۆی بازاڕی بەرهەمی جووتیاری کوردی شکاندووە، سەرباری ئەوانەیە:

((ئەمەوێ بڵێم هەر مەملەکەتێ، هەر میللەتێ کە ڕوو لە تەرەقی بێ، هێزی ئەژنۆ و گۆچانی دەستی و ڕووناکیی ڕێگای: پارەیە. پارەیش هەرچەند بە ڕەنج و کۆشش دەست ئەکەوێ، باز ئەبێ قابیلیەتی خاکەکەی ئێمەیش ئەو خاکەیە کە خۆڵی کیمیایە و طەلای دەستەوشاری هیوایە، چوار نەوع چشتی لێ دەردەچێ، لەمانە پێنجی بەبێ ڕەنج و کێڵان و داچەندن، هەر بچۆ گردی بکەرەوە و بیفرۆشە پارە ئەکا وەکوو: گەزۆ، مازوو، سەعلەب، بنێشت، کەتیرە، خۆ تووتن و برنج و لۆکە و خوری و میوە ئەگەر بەپێودان و ڕێوشوێنی خۆی بێتە بەرهەم پێی دەوڵەمەند ئەبین و دەوڵەمەندیش لە هەموو مەیدانێکا گۆی هونەر ئەباتەوە)).

((ئێمه كه ئەم هەموو ئیخراجاتەمان هەیە، تەنیا بۆ دوو چشت دائەمێنین، شەكر و چاو كووتاڵ، چونكوو نازانین ماڵی خۆمان بهێنینە برەو. كردوكۆشەی ساڵێكی ڕەنجبەرەكانمان بەشی چاو جل ناكا... خۆمان گرد نابینەوە شیركەتێكی بەش بەش (قۆئۆپراتیڤ) دانامەزرێنین كە حەڵوا و گەزۆ و سەعلەب و هەنجیر و ئەم هەموو ماڵەمان وا لێبكەین كە لە بیلادا پارەی پێ بدرێت)) (خەوێكی شیرین، ژ.٣٨، ل١-٢).

((جارێ ئەوی شارێكی پێ بەڕێوەبچێ كشتوكاڵە، تائێستا ئێمە هەر بە ڕێوشوێنی كۆن كردوومانە، دووبەختی بووە، لەسەر خوا چاك هاتبێ و خراپ هاتبێ و، زۆر ساڵ كە دەغڵ هەرزان بووبێ و برەوی نەبووبێ سەپان دەست نەكەوتووە نەدووراوەتەوە. خۆ ئەگەر پایز پەڵەی زوو دابێ ئەو تۆوە كەڵكی لێ بڕاوە و دەهقان خانەخەراب.... یاخۆ ئەگەر بەهار بێ بارانی نەبووبێ، دیسان نوێژەبارانێ و فەریاد. خۆ زۆر درەختی وا هەیە كە لە خەلە زیاتر پارەی لێ دەست دەكەوێ. ئێمە هەرچی باغ و بێستانمان هەیە قۆخ و قەیسی و هەڵووژە و هەرمێیە كە ئەمانە هەر لەناو خۆمانا خوراوە. ئەوەتی شەمەندوفەر پەیدا بووە و لۆری كەوتوەتە كار، سا هەندێ نازكە هەرمێ و ترێمان ئەگاتە بەغداد، ئەویش قازانجێكی وای نامێنێتەوە.... ئێستا هیوامان بەخوا هەیە جارێ لەپێش هەمووشتێكدا فێری ئالات و ئەدەواتی فەننی ببین ! لەهەموولاییێكەوە كە ئەمانە كەوتنەكار، ئنجا پێی دەوڵەمەند ئەبین)) (سەرەتای كارێ كە زۆر بەكارە....، ژ٣٧٩، ل١-٢).

پیرەمێرد بەخەمی پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەی كوردەوارنیشەوە بووە، بۆ نموونە، هۆیەكی گەرمیی ئاووهەوای شارەزووری بردوەتەوە بۆ كەمتەرخەمیی خەڵكەكەی كە ئەركی ڕواندنی دارودرەخت و شینایی‌یان لە ناوچەكەیاندا بەر خۆیان نەناوە و خزمەتی خۆیان نەكردووە: ((ئەمە چەند جارە لە غەزەتەدا دەینووسین كە ئەم خاكی ئێمەیە لە هیچ شوێنێك مانەندی نییە، هەرچی بتەوێت لێی هەڵدەكەوێ و، تا ئارەزوو بكەی پیاو دەست كەوێ بیكا، ئاو و زەوی و بەراو و دێمی هەیە... ئەڵێن میصر وایەو وایەو، میصریش و نیلیشمان دیوە، خۆزگە فەلای میصریش شارەزووری ئێمەی ئەدی. میصر بە كەش وفشی نیل دەنازێ، ئێمە بێ چاوەڕیی كشان و گەڕانەوە لە سەرچاوەی ظەڵمەوە تا دوواوان و لە هەڵەبجەوە تا مووان، بیست وحەوت جۆگەمان هەیە. هەر مالوانێكی ئەوێ دەشتی كاكی‌بەكاكیی شارەزووری پێ سەراو خەی. دەستی سروشتی خوایی ئەم هەموو سەرچاوەی ڕشتوەتە سەر ئەم دەشتە جوانەی شارەزوورە... ئەمە هەموو چاولێكەری و نەدیوی و نەخوێندەواری ئەم خاك و ئاوی شارەزوورەی پەك خستووین، ئەگینە چۆن ئەبێ مالوان، یا دەلێن یا سەراو، بەقەد بەڵمێ ئێستا درەم و ڕیاڵ نەكات بە خەرمان؟)) (خاكەكەمان، ژ٣٨٢، ل١-٢).

٢. ٢. ٣. **كۆمەڵایەتی:**

٢. ٢. ٣. ١. ئافرەت:

پیرەمێرد لە چەند جێیەكی وتارەكانیدا بە بایەخ و خەمخۆرییەوە ئاماژەی بۆ ڕێوشوێن و جێدەستی ئافرەت لەناو كۆمەڵدا كردووە و، لێی ویستوون لەڕێی خوێندەوارییەوە بێنە مەیدان و نەوەیەكی ساغ و تێگەیشتوو و هۆشیار بخەنەوە. بۆیە هەر چالاكی و بەهرە نیشاندانێكی كچانی بەرز نرخاندووە و، پاشەڕۆژێكی ڕوون و گەشی لێ چاوەڕوان كردوون. بە قەناعەتەوە پێی وابووە:

((تا سەوییەی كچانمان بەرز نەبێ لە ئیدراكا

ئەولادی چاك پێناگا و وەطەن تەرەقی ناكا

نەمامێ كە باغەوانێكی موتەفەنین بیهێنێتە بەرهەم و، ئەولادێ كە فاضیلاتی میللەت بەخێوی بكا بەبەر و بەهونەر دەبن)) (دەنگی فریشتەی سەمای عیراقی، ژ٣٢٤، ل١-٢).

((بەڵێ من باوەڕم بەوە هەیە كە خوڵكی منالْ ئەگەر خراپ بێ، هەر ڕەنگێكی تری بكەی بێهوودە و هەرچەند عیلم و فەننە لەبەری كا بێسوودە... نەتەوەی جیی هیوا بە دایكی خوێندەوار و پارێزگارەوە ئەبێ.... بەلام ئێمە ئاخ ئێمە هەتا دێ خوێندنی كچانمان پێ ناخۆشە كە كەس كچی نەنێرێتە مەكتەبی كچان و، ئەوی ئەینێرێت بەزۆری باوكە. زۆر باوك كە دەسەلاتی نییە كچی ناچێتە مەكتەب... ئێستا من ڕاست ئەڕۆم و هەموو دنیا ئەزانێ كە ژنانییەتیم لا خۆشە بەو هیوایەیە كە ژنانمان بخوێنن، نەتەوەی چاك پەیداكەن، وێرانەمان ئاواكەن، خۆ ئێستا مودیرەی مەكتەب هەموولایێك ئەزانین لە خۆمان و زۆر بەناموس و دڵسۆزە. توخوا بۆچ كچانمان لە كۆلانا خوێڕی بن؟!)) (...، ژ٣٦٥، ل١).

"پەرویز" هەندێ زانیاریی سەبارەت بە جۆرێی ئافرەت لە ئەڵمانیا کردووە بە کوردی و لەگەڵ هی ئافرەتی کورددا بەراوردی کردووە. وەك چۆن دەوڵەت لەوێ پێویستیەکانی خوێندن و پەروەردەیانی دابین کردووە، ئەوانیش شان بەشانی پیاو ئیش ئەکەن و قوورساییی کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەوەی بە نموونەیەکی پەسند بۆ چاولێکردن هێناوەتەوە: ((ئەو دایکەی عاقڵ و تێگەیشتووبێ، منداڵی بەکار و پڕ هۆش پێ ئەگەیەنێ بۆ وڵاتەکەی. ئافرەتی ئەڵمانی ئەمڕۆ لە پیاو زیاتر بەکارەو لەم جەنگی جیهانییەدا بەقەدەر پیاو خزمەتی وڵاتەکەیی کردووە. هەچ جێگایەك پیاوی تێ بچێ ئافرەتی تیایە، ئافرەت لەوێدا فرمان ئەکا... ئافرەتی ئەڵمان وەکوو هی ئێمە بارێکی قورس نییە بەسەر شانی پیاوەوە، چونکە ئەویش وەکوو پیاو شەخصییەت و ویقاری خۆی ئەپارێزێ و نانی خۆی بە بازووی خۆی پەیدا ئەکات... ئەڵمانیا لەم شەڕەی جیهاندا زۆری لە کیس چوو: لە منداڵ و ئافرەت، لە پیاو ولاوو منداڵ ؟ بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشییە و ئەم ناتەواوییە، ئەمڕۆ ئەڵمانیا زۆر بەجیددی ئافرەتەکانی، کچەکانی پەروەردە و تەربییە ئەکا، چونکە تێگەیشتن کە پڕکردنەوەی ئەم بۆشییە هەر بەسایەی ئافرەتەوە ئەبێ کە نەسلی ئاتی پێئەگەیەنن... لای ئافرەتی ئەڵمان هەموو ئەمەلێکی ئەمەیە کە ببێ بە خاوەنی ماڵ و منداڵ، ببێ بە دایکێکی تێگەیشتوو و قووەی حاکیمەی موستەقبەلی وڵات پێبگەیەنێ)) (مەوقیعی ئافرەت لە ئەڵمانیادا، ژ٣٥١، ل١-٢).

٢. ٢. ٣. ٢. منداڵ:

گرنگیی شێوەی بەخێوکردن و پەروەرشی منداڵ لە خێزان و ناو کۆمەڵدا، لە سێ وتاردا بەسەرکراوەتەوە."لاوێکی کورد"، داوای پاك ڕاگرتن و شارستانانە بەخێوکردنی منداڵی کردووە، تا دوچاری نەخۆشیی کوشندە نەبن و نەمرن: ((هەموو میللەتێکی تێگەیشتوو بەجیددی بۆ زیادیی نوفووس هەوڵ ئەدا، چونکە شەخصییەتی سیاسی و ئیقتصادیی ئەقوام بە ئەفرادەوە ئەپارێزێ )). بۆ ئەوەیش، پێشنیاری پێکهێنانی کۆمەڵەی خۆماڵیی کردووە بە پیتاك و کۆمەکی هەموو توێژەکانی کۆمەڵ، بۆ مشوورخواردن و خزمەتی منداڵانی شار: (( بوونی جەمعییەتی منداڵ بۆ شارەکەمان پێویستە، جەمعییەتێکی حەیاتییە پێویستە بۆ هەموومان چ گەورە چ بچووك، چ فەقیر چ دەوڵەمەندمان. ئیتر خۆتان و غیرەت و شەرەفتان. یان ئەتوانرێ شوعبەی جەمعییەتی ئەطفالی بەغداد لێرە بکرێتەوە)) (مردنی منداڵی ساوا، ژ٣٣١، ل١-٢).

هەر ئەو"لاوێکی کورد"ە، لە وتارێکی تردا، قوتابخانەو ماڵی بە دوو لایەنی بەرپرس و یەکتر تەواوکەری سەرپەرشتی و پێگەیاندنی منداڵ دیاری کردووەو، داوای ئازادکردنی منداڵی کردووە لەو بەربەستانە کە کۆمەڵ خستوونیە بەردەم دەرکەوتنی بەهرە و تواناییەکانی: ((ئەبێ هەوڵ بدەین کە مەکتەب و ماڵ هەردوکیان لە تێکۆشینا یەك بکەون بۆ پێشکەوتن و تەرەقیی منداڵ، تەوحیدی ئەفکار بکەن و ڕابیطە پەیدابکەن... لەپێش هاتنە دنیایەوە و لەدەورەی ئەووەڵی ژیانیا ئەبێ زۆر ئاگادار بین، چونکی پڕ لە خەطەر و تەهلوکەیە... حوریيەت بدەین بە منداڵ تا مەزییەتی خۆی دەرخا، فێری ئیش بێ و بەتەجرەبە مەعنای ئیش و حەیات فێربێ)) (چی بکەین بۆ پێشکەوتنی منداڵانمان، ژ٣٣٦، ل١-٢).

**٢. ٢. ٤. زمانی کوردی:**

پیرەمێرد، دوو وتاری بۆ دەرخستنی ڕیشە مێژووییەکانی زمانی کوردی تەرخان کردووە و، تێکۆشاوە بە پیی بەڵگەو نیشانە دروستەکانی ئەو ڕۆژگارە، سەربەخۆیی و دێرینیی زمانەکە بسەلمێنێ و هۆیەکانی فەرامۆشکردن و بێخزمەتیی کوردی لێك بداتەوە:

((کوردەواری کە لە دەورەی پادشاهیی یاوزا بەهۆی هەڵفریواندنی ئیدریسی بتلیسییەوە هاتە ژێر ملکەچیی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆ هەموو تەقوڕەو تەكودەوی جیهانگیریی تورك پێشڕەو و پێشدار بوون، نەیانپەرژایە سەر ئەوەی هەوڵ و تەقەلایەك بۆ خۆیان بدەن و بن بە شتێ ! هەروا مانەوە، گاه ئەیانکردن بەگژ ئێراناو گاه ئەیانکردن بەگژ یەکا، تا ڕەچەڵەکی یەکتریان بڕییەوە. شەرەفخانی بتلیسی لە شەرەفنامەدا نووسیویە: ئەودەمەی کورد چوونە ژێر فەرمانی تورکەوە ٢٨ حکوومەت و ١٥ ئەمارەتی بووە... ئەمانە چونکوو یەك نەکەوتوون و خۆخۆربوون و حوکمدارە گەورەکانی چواردەوریان فتیلیان هاویشتوەتە ناویان، هەر لە شوێنی خۆیاندا کوژاونەوە... منیش وا تێگەیشتووم هێجگار کورد ئەمە نەبوە کە تا حەضرەتی ئیبراهیم جەددی قوڕەیش و خاتەمول نەبیین بکەین بە کورد. بەڵێ کورد لە ڕۆژهەڵاتا

هەڵاتووە، بەڵام هیچ شەوقێکی دائیمیی بۆ ئەم شوێنە کە پێیدەڵێن کوردستان نەبوە. صەلاحەددین لە میصر کەریم خان و نادرخان لە ئێراندا، هەرە کۆنەکانیشمان لە زابل و کابل و بابل خۆیان نواندووە...

لەم میانەدا ئەمین زەکی بەگ بەرخوردار بێ و کاری ڕاست بێ، وردە وردە ئەو قانگلانەی هەڵکردۆتە سەریەك، ڕێبەدییەك دەکا.... وا کەوتوومە سەر شوێنی زبانەکەمان، ئەگەر خوا یاربێ شێوەی زبانەکەشتان وا بۆ دەردەخەم کە لەسەر هیچ دانەمێنێ. تەنها بە زبانی خۆمان ڕاست و ڕەوان هەمووشتێ بنووسین و، بەم شێوەیە شەرەفنامەتان بۆ دێنم سەر زبانی کوردی و بەرەبەرە لە"ژیان"ی خۆشەویست دەنووسرێ. ئیتر لەسەرخوا)) (نەتەوەو زبانی کوردی، ژ٣٢٦، ل١-٢).

هەر لەو وتارەدا ڕوونی کردووەتەوە کە کورد زۆر درەنگ وەخت و لە سەردەمی ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی عوسمانیدا (١٩٠٨)، کاتێك تورك پرۆژەی پاشەڕۆژی خۆی جیاکردەوە، ئەمجا کوردیش وەك میللەتانی تری ژێردەستی عوسمانی بەهۆش هاتەوە و لە ئەستەموول کەوتەخۆی و هاتە سەر دۆزینەوەی ڕەگوڕیشە مێژووییەکانی، تا خۆی بناسێ و پرۆژەی تایبەتی خۆی جێبەجێ بکات.

پێبەپێ، پیرەمێرد"ژیان"ی کردووە بە مەیدانێکی گونجاو بۆ شیرینکردنی زمانی کوردی و نیشاندانی دەوڵەمەندی و جوانیەکانی، تەنانەت ویستوویە هەموو بابەتێکی پێ تاقیبکاتەوە، تا دەریبخات هیچی لە زمانانی تر کەمتر نییە و بەپێی پێویست دەوڵەمەندە. بۆ نموونە، کە ڕاپۆرتەهەواڵی (ئاهەنگی شەوانە کە لە طەهراندا بۆ جەلالەتی مەلیکی موعەظەمی ئێمە کراوە، ژ٣٢٥، ل١-٢)ی کردووە بە کوردی، ڕەنگە لە عەرەبییەوە بووبێ، نووسیویە: ((ئێمە ئەم مەقالەیەمان بۆ ئەوە هێنایە سەر زبانی خۆمان، لەپێش هەمووشتێکا میواندارى و قەدرشوماریی جەلالەتی مەلیکی خۆمانی تیابوو، دووهەم ئەمانەوێ دەرکەوێ کە زبانەکەمان ئەوەندە دەگونجێ کە هەرچیی پێ بنووسی، تەنها زبانی خۆت بێ هیچ یاریەی زبانی بێگانەی تیا نەبێ، سێیەم چەسپیوەتە دڵمان و باوەڕمان کردووە کە ئەگەر ئافرەتمان خوێندەوار بێ و نەتەوەی چاکمان بۆ پێبگەیەنێ، ئێمە زوو سەرئەکەوین و ئافرەتیش بە خوێندەواری قەدری دایکێتی و پارێزگاریی دەبێ)).

لەلایەکیترەوە، پیرەمێرد لاوان و خوێندەوارانی هان داوە بۆ خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردن و خۆپێگەیاندن. (مەتەڵ)ی، وەك شتێکی ئەوسا باوی ناو کۆمەڵ، کردووە بە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکە و ناوبەناو بڵاوی کردووەتەوە، تا بەوهۆیەوە خوێندەواران ڕابکێشێ و بێنە پێش و بخوێننەوە و، تەنانەت بەشداریش بکەن. بڵاوکردنەوەی چیرۆکە مێژووییەکانی(مەم و زین) و (دوانزە سوارەی مەریوان)یش، هەمان مەبەستیان تێدا ڕەچاوکراوە. بۆ نموونە، کە هەواڵی نزیکبوونەوەی وادەی دەرچوونی گۆڤاری (زانست) بڵاوکراوەتەوە، بە هەڵی زانیوە داوا لە لاوان بکات بۆ بەشداری: (( لەوە توورە مەبن کە ئەوی نووسیوتانە کوتوپڕ لە "زانست" چاپ نەکراوە. پیری زانستی بۆتان ئەنووسێتەوە کە کوێی خراپ بووە، ئێوەش پینەی ئەکەنەوە یا هەڵیئەوەشێننەوە.

سەرەنجامی هەرواى لێ دێ کە ڕێ بەدیی بکا. دیارە لەپڕێ نابی بە کوڕێ، ئەوەندە هەیە تا بۆتان ئەلوێ بە زبانی خۆتان بنووسن، سەیرکەن زبانەکەتان چەند شیرین و ڕەوان و دڵنشینە، تێکەڵوپێکەڵ هەرچەند کە پێی ڕاهاتووین و لامان خۆشە، بەڵام ئەمڕۆ هیوامان کەوتۆتە ئەوە کە وا بکەین پێمان باوەڕبکەن کە زبانەکەمان لەوانەیە بتوانین هەمووشتێکی سەربەخۆ پێ بنووسین، گیرۆدەی کۆمەکی زبانێکی تر نەبین)) (زانست، ٣٦٢، ل١-٢).

هەر ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی"ژیان"بووە لە ڕووی زمانەوە کە سەرنجی خوێندەوارانی ڕاکێشاوە و پەسندیان کردووە. "کوردێك"، لەوبارەیەوە بۆی نووسیوە: ((ماکینەی چاپی بەلەدییە کە نزیکی چواردە ساڵە دامەزراوە و هەتاوەکوو ئەمڕۆ بە چەند ناوێکەوە ئەم ڕۆژنامە کوردییە بڵاوئەکاتەوە، بەڕاستی ئەڵێم لەو بەینە دوورودرێژەدا ئەم ڕۆژنامەیە بەقەد ئەم چەند نوسخەی دواییەی بۆ زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی زمانی کوردی خزمەتی نەکردووە و، هەنگاوێکی وا گەورەی نەهاویشتووە. زۆر ئەمینم ئەگەر بەم تەحرە و لەم ڕێگایەوە بەینێکی کەم هەروەها خۆی پیشان بدات، زبانە پەتییە کۆنە شیرینەکەمان کە زەمان لەناو بەحرێکی قووڵ و بێپایاندا شاردبوویەوە، ئەهێنێتەوە دەرێ و زیندووی ئەکاتەوە و کەلیماتە بێگانەکانمان لەبیرئەباتەوە، وە ئەو ئەدەبیاتە جوانە پەسندانە و ئەو ضەربول مەثەل و

نوكتەو ئیستیعارە نایابانەی کە هەریەکە مرواریییەکی قیمەتدار بوون و شارابوونەوە، بەواسیطەی مەلەوانێکی ماهیری وەکوو موحەڕڕیری"ژیان"ـەوە بۆمان ئەخرێتەوە سەر زەمین و دێتەوە بەرچاومان. ئەو کەلیماتە جوانانەی کە تازە بەواسیطەی"ژیان"ـەوە ئەخرێتەوە بیرمان، هەمووی جەواهیری ناو موخەششەلاتی بووکی ڕازاوەی زبانەکەمانەو لەبەر پەشێویی زەمان پەشۆکابوو، بەواسیطەی زینەتدەرێکی وەکوو"ژیان"ی تازەمانەوە ڕەنگوبۆیەکی جوانی پێ درایەوە و ئاگری بەردایەوە کای کۆنی عەشقمان. ئەگەر بەدیقەت تەماشای ڕۆژنامەی هەفتەی ڕابوردوو بکرێ، ئەو پارچەیەی کە بەناوی(پەندی پێشینان)ـەوە نووسرابوو، ئەوسا دەزانی زبانەکەمان ئەمەندە بەقیمەتە کە حەقی پێشکەوتنی هەیە بەسەر ئەدەبیاتی زباناتی دنیادا)) (لەناکاوا فەرقێکی گەورە، ژ٣٢٤، ل٢).

**٢. ٢. ٥. هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ:**

ئەم خولە، هەواڵ بەگشتی ڕووی لەکەمی کردووە و، بە بەراورد لەگەڵ سێ خولی پێشوودا، پانتاییەکی بەرتەسکتری بۆ دابین کراوە. ئەوە ڕێچکەیەکی تایبەت و تاسەری پیرەمێرد خۆی بووە، بەهانەیەکی بۆ ئەو ڕۆژگارە بەجێ و ڕەوای هەبوە، چونکە وتاری هەمەبابەت و دەقی ئەدەبیی کوردی لە ڕۆژنامەوانی بەدەر دەرەتانێکی گوشاد و ئاسانتری نەبوە بۆ چاپ و بلاّوبوونەوە.

هێنانەوەی ئەم چەند هەواڵانەی ناوخۆ، بۆ مێژووی سلێمانی و ناوچەکە، بە پێویست و گرنگ ئەزانم.

٢. ٢. ٥. ١. هەواڵی "زانستی":

زاراوەی (کۆمەڵ)، کەموزۆر لە ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە خراوەتە جێی(جەمعییەت)، بۆیە"زانستی" لێرەوە بە (کۆمەڵی زانستی کوردان) ناوی هێنراوە. ئەم چەند هەواڵەی لەبارەوە هەیە:

* نیسانی ١٩٣٢ هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی زانستی کراوە بە سەرپەرشتیی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیفی سلێمانی، پێنج کەس بە ئەندام هەڵبژێردراون: یەکتابەگی ڕەئیس بەلەدییە، فایەق بەگی مارف بەگ، ڕەشید زەکی کابانی مودیری قوتابخانەی ناوەندی، کەریم بەگی سەعید بەگ، حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد.

* زانستی، تا ئەودەمە چوارصەد- پێنجصەد کەسی فێری زانست و خوێندەواری کردووە (زانستی، ژ٣٢١، ل١-٢).

* فایەق بێکەس لە مانگی تشرینی دووەمی١٩٣٢ەوە بەڕۆژ دەرسی لە قوتابخانەی زانستی وتووەتەوە (هەلێکی چاك، ژ٣٤٣، ل٢).

* ((کۆمەڵی زانستی کە لەمەوپێش دەستووری ڕۆژنامەی (زانست)ی وەرگرتبوو، چاوەڕیی هەڵکەوت بوو. وا خوا بۆی ڕێك خست کە بەم نزیکانە ئەیهێنێتە دەرەوە و ئەیبەشێتەوە. ژیان هەر ناوێکە ناوی ئاوایەو چونکوو ناوێکی دیوانیی لەسەرە، سەربەخۆ نابێ و نیوەی ڕاستیشی ئەبێ بە هاوار و بانگو جارچییەتی بڕوات. بەلاّم(زانست) جاری ١٦ لاپەڕەیە (عیلمی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، فەننی، صیحی، تەدبیری، صەناعی، زراعی و تەئریخی). یەعنی هەرچی بۆ خوێندەوارەکانی دەبستانی پێویست بێ‌و خۆش بێ ئەینووسێ، تەنها لە سیاسەت نادوێ، وەك مەلا مەزبوور وتوویە ناسڵەمێنێتەوە. ئەمە هەتا لێکی بدەیتەوە بۆ وردو درشت بەهرە دەبەخشێ لە نەوجوانەکانمان زۆرکەس دێنێتە سەر سەودای شتی جوان نووسین. من خۆم بەرئاوردم کردووە بە نووسین لە خوێندن چاکتر هۆش و مەغز ئەکرێتەوە، کورت و کووتا ئەمە لاوکێکە بۆ لاوان، ئنجا کوڕگەل بتانبینم وەرنە مەیدان، بیکەنە گاڵەی زانستی، هەریەکە پەندێکی جوان بنووسێ، جاریَ پەسند نەبێ جارێکی تر...)) (زانست، ژ٣٦٣، ل١-٢).

* ((تیاترۆ بۆ مەنفەعەتی زانست: ئەمشەو کە موصادیفی ٣٣/٤/٢٨ ئەکات هەردوو طاقمە تیاترۆکە بۆ مەنفەعەتی طەڵەبە نەخوێندەوارەکانی زانست یاری ئەکەن. لەسەر هەموو صاحێب حەمییەتێك لازمە بۆ ئەمشەو ئیشتیراك و موعاوەنەت بکا! ژیان)) (ژ٣٦٢، ل٣).

٢. ٢. ٥. ٢. هەواڵی هونەری:

* پیرەمێرد درامی(وێنەی سەرگورشتە)یەکی بە کوردیی پەتی ڕێك خستووە بۆ ئەمەی خەڵك چاو لە کردەوەی پەسند بکەن و لە خووی خراپ خۆیان بپارێزن. قوتابیان شەوێك تاقییان کردووەتەوە. شەوی جومعەی ٢٠ی مایسی١٩٣٢ لە باغچەی مەکتەبدا نوێنراوە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیی مەکتەبەکان. بڕیار بووە شەوی سێشەمووی دوایش(٢٤ی

مایس) له مەکتەبی کچاندا نیشان بدریٚ بۆ ژنان (وێنەی سەرگورشتە بە کوردیی پەتی، ژ٣٢٢، ل٢).

* ((هەیئەتی تەعلیمییەی مەکتەبی کچانی سلێمانی بۆ تەنمییەی ئەفکاری کچە خوێندەوارەکانمان تەمثیلێکی عیلمی و ئەدەبییان ڕێك خستووە کە مەوضووعەکەی عائید بە تەحلیلی حاڵەی ئیجتیماعیی نیسوانی ئێرە و موقایەسەی گوزەرانی سائیری مەملەکەتانە. ئەم تەمثیلە تەنها بە واسیطەی کچانی مەکتەبەوە دێتە ساحەی تەطبیق، بەهیچ وەجهێ پیاو و کوڕی تیا نابێ و لەم هەفتەیەدا تەرتیبی ئەکەن ئینشائەڵلاٚ ئەمە ئەووەڵ قودوومی خێری کچە خوێندەوارەکانمانە)) (ژ٣٢٤، ل٤).

* ((قۆمپانیای سینگەر لە سلێمانی مەکتەبێکی بۆ کچان گوشاد کردووە بۆ تەعلیمی خەیاطی، تەطریز، پەڕۆدڕی و صەنعەت لەسەر طەرزی تازە مەجانەن کە کچانی مەملەکەت فێربکەن )) (قۆمپانیای سینگەر...، ژ٣٢٥، ل٣).

* مەکتەبی کچان چوارشەممەی ڕێکەوتی ٦ی تەممووزی١٩٣٢، وەك نووسراوە، نوێنە(معرض)یەکی بۆ ئیشی دەستی کچان ڕێك خست. پیرەمێرد وا هەڵیسەنگاندووە: ((هیوای زۆرم بە سەرئەنجامی ئەم بێچوە پەریانەیە کە بەهۆی خوێندەوارییەوە پاك و تەمیزی و شیرین دوین و دەردزانی، مندالٚ بەخێوکەری فێربین و بە ئامۆژگاری و پەروەردەی ئەمانە نەتەوەی ئایندەمان بە کەڵکی بنەچە و هاوڕەچەڵەکی خۆی بیٚ و بە خێوی مەڵبەند بشیٚ)) (گوڵدەستەی گولاٚن، ژ٣٢٩، ل١-٢).

پیرەمێرد، یەکەم ڕۆژنامەوانی کورد بووە ڕاپۆرت و باری سەرنج و هەڵسەنگاندن لەسەر کاری هونەری بنووسیٚ. لەوێدا وتراوە: ((لە تاریخی ١ی تەممووزی٩٣٢وە مەکتەبی کچانی سلێمانی بۆ تەعلیمی خەیاطی کە بە ئەمری وەزارەتی مەعاریف بۆ فێرکردنی ئەم صەنعەتانە تەودیع کراوە بە شیرکەتی سینگەر کچانی مەکتەب و سائیر کچانی تر لەو موددەتەوە کە دەوام لەسەر ئەم صەنعەتە ئەکەن، وەکوو موشاهەدە کراوە و لە مەعرەضی مەکتەبی کچاندا چاومان بە صەنعەتەکانیان کەوتووە لەگەڵ جارانا زۆریان فەرق کردووە و ڕۆژ بەڕۆژ لە تەرەقییان)) (مەدرەسەی سینگەری سلێمانی، ژ٣٣٢، ل٣).

* تشرینی یەکەمی١٩٣٢ دووجار تیاترۆ ئیشی کردووە(بژی میللەت، ژ٣٤٤، ل١).

* قوتابیانی مەکتەبی موتەوەسیطە، شەوی١٩/٢٠ی کانونی یەکەمی١٩٣٢، تەمثیلی"خوسرەو شیرین"یان پێشکەش کردووە(جوابی ڕەشید زەکی ئەفەندی، ژ٣٤٨، ل٢).

* ((دوابەدوای ئەوە سەیری نمایش و هونەری منالاٚنی مەکتەبم کرد- کە لەپاش بوارەی ساڵیانە ڕۆژی باوك گیانیی منداڵەکان کە مامۆستان و باوك بەدەنی کە ئێمەین. لە مەکتەب کۆبووینەوە ڕەنج و کۆششی مامۆستایان و هونەری منالاٚنمان دی- بەوە چاوی ڕاستم ڕوون بووەوە... خوایە چەندم لا خۆش بوو هەڵپەڕکیی خۆمانەکەیان ئەوەندەی نەمابوو هەڵسم سەرچۆپییان بۆ بکێشم. ئەمجارە بەیادی سەرچۆپیی کوڕێنی یا کچێنییەوە دەسەسرێکی ئاڵی جوانم لە مووصڵ هێنابوو، لە گیرفانما بوو. بەلاٚم ئەوەندە لە سەرمەستیی نەشوەی ئەم نەوجوانانەدا بووم پەی دەرپەی فرمێسکی شادیم پیٚ ئەسڕی)) (چاوڕوونی، ژ٣٦٨، ل١).

* ((بۆ زانینی هەموو: ڕۆژی ٣ی تەممووزی١٩٣٣ لە مەکتەبی کچاندا نموونەنماییی هونەری کچانە، ڕۆژی ٣، ٤، ٥ی مانگ بۆ پیاوان و ڕۆژی ٦، ٧، ٨ بۆ ئافرەتە. هەرکەسیٚ تەشریف بێنیٚ بە شەربەت و جگەرە ماندوویی ئەحەسێنێتەوە و بە تەماشاکردنی دەستکردی کچەکانی خۆیشیان چاویان ئەگەشێتەوە. موقابیل بەمە ئەوی تەشریف ئەهێنیٚ (٥) فلس ئەدات بۆ مەکتەب، ئەگەر لەو پێنج فلسە لە پاش مەصرەف شتێکی بمێنێتەوە بۆ مەکتەب صەرف ئەکریٚ. ئینجا ڕجا ئەکەین کە هەموو ئەربابی ذەوق تەشریف بفەرموون)) (ژ٣٦٨، ل٣).

* ((هونەرنماییی مەکتەبی کچان: هەفتەی پێشوو لە هونەری کوڕان دوابووین، ئەم هەفتەیە کچانمان- وەکوو زێوەر ئەڵیٚ- بەپرتاو لە کوڕان تێپەڕین. مەکتەبی کچان بووبوە تەماشاخانەی دەستکردی نەخش و نیگاری پەرییان.... ئەم ڕەنگ و بۆیە چەند کاری ئەکردە سەر دڵی مادەپەرستان، دوو ئەوەندە چاوی دڵیٚ هیوادارانی سەربەرزی وەطەنی ڕوون ئەکردەوە، یەکێکیان خۆمم کە بە هیوای خوێندەواریی کچان و ژنان کەوتوومە سەر سەودای پێگەیشتنی نەتەوەیەکی بڵندو ئاواییی ئەم خاکە. سا چەند لە تەماشاگای ئەو دەستکردانەدا دانیشتووم هەر خەریکی ئەو خەیالٚ پلاٚوە بووم...

لەگەڵ ئەمەشا پیاو حەقی خوا بلێ: ئەوەندە نموونەی هونەری کچانمان جوانە ئەوەندەیش دەست و قەڵەم و زادەی فیکری زائیرینیش شیرین و ڕەوانە... یاخوا ئەم نموونەی دەستکردی پەریانەو ئەم سەوادە بڵندەی نەوجوانانە ببێتە بەختیارییەکی جاویدانەو ئاوەدانییەکی ئەم خاکە وێرانە)) (ژ٣٦٩، ل١-٢).

٢.٢.٥.٣. هەواڵی تر:

* ژنهێنانی فایەق بێکەس:

((کەسی دا بە بێکەس کەسی بێکەسان: شاعیرێکی بێکەسمان بوو کە سەرەتای تازە دەرکەوتبوو، هیوای لێ دەوەشایەوە، جارجار گوڵی جوانی لێ دەگەشایەوە-لامناقشة في التمثال- وەك ژاڵە ئەو گوڵە ئاڵە دارەکەی تاڵە. ئێستا ئەو شاعیرە نەوڕەسیدەیە خۆی دۆڕاند، کەمەندی ژن ئەویشی جەڕاند، خۆی لە شاعیری تۆراند، بەڵام شاییەکەیشی شاعیرانە بوو. زۆر دەمێك بوو گرمەگرمە گەرمی دەهۆڵ و زوڕنای وامان نەبیستبوو، هەڵپەڕکیی وا بەجۆشمان نەدیبوو... لە هەموو خۆشتر بە خەیاڵێکی شیرینەوە شاعیریان کردبوە پەروێز، لەدەمی ویصالاً لە حیسابی شیرین بەناو کشمیشی شیرین بە سمێڵ قەیطەرانێکی ژن ئایین چووبوە پەردەی زەفافەوە. ئینجا نازانین چی قەوماوە خوا بکا گوذەرانی ئایندە بە خۆشگوذەرانی ڕابوێرێ و ئەم کەسدارییە بۆ بێکەس ببێتە مایەی سەعادەت)) (ژ٣٦٧، ل٢).

* دوو تایبەتمەندیی پیرەمێرد: ئەوزاتە حەزی لە خواردن و نوستن کردووە، وەك لەم دوو هەواڵەدا دەرکەوتووە.

_ ((من و غاندی: غاندی ئەمجارەیش لە ڕۆژووگرتن بۆوە و هەر ٢٨ ڕۆژەکەی بەتەواوی گرت. نازانین ئەم پیاوە داهییە بۆچی لە هەموو وەسائیطێکی عیلمی و فەننیدا خۆی ئەخاتە پەنای برسێتییەوە. لەم مەسلەکەدا نەظەریەی من و غاندی زۆر لەیەك دوورە. من پێم بڵێی هەموو دنیات ئەدەینێ واز لە خواردنی خۆشی خۆت بێنە، پێم ناکرێ تاقیشم کردەوە خۆم بۆ کەس ناکوژم و بۆ خواردن ئەژیم. بزانین دوایی کاممان قازانج ئەکەین؟)) (ژ٣٦٥، ل٢).

– ((خەیاڵی ئەمریقا: ئەمریقایی بەڕاستی سەرگوذەشتجوون هەمیشە وێڵی خەیاڵن. وا ئەمجارە دووی ئەوە کەوتوون خەو لە عومر دەرکەن، چونکە نیوەی عومر بە خەو ڕائەبوورێت و خەریکن بەزۆری ئەلەکتریك هێزێکی وا بخەنە لەشەوە کە ئەگەر نەیشنوێت لەشی ماندوو نەبێ. منیش وەکوو نەخواردنی غاندیم پەسند نەکرد، نەنوستنیش پەسند ناکەم، چونکە ئادەم کە گەنمی چووە چیکڵدانەوە و ئێمەیش نەتەوەی ئەوین بەبێ خواردن و نوستن هەڵناکەین. نوستن خوا بۆی داناوین بە ئەمریقایی هەڵناگیرێت... ئەمریقا لەلایەکەوە خەریکە پیاو زیندوو بکاتەوەو خەو هەڵگرێ، کەچی ئەمجارەش جەردە پیاوێکی زۆر گەورەیان هەڵگرتووە بردوویانەتە شاخ داوای دووصەد هەزار دۆلاری لێ دەکەن:-این کجا وآن کجا-)) (ژ٣٩١، ل٣).

* خەڵکی ناوچەی گەرمیان لەبەر وشکەساڵیی ١٩٣٢ لێیان قەوماوە و هاتوونەتە بەرەوژوور (دەستگیریی داماوان، ژ٣٢٣، ل١).

* ڕێی پێنجوێن یەکەم نیوەی ١٩٣٢ دەستی دراوەتێ و گەیەنراوەتە ملەکەوە. پردی سەید صادق ئیشی تێدا کراوە. ڕێی هەڵەبجەو بەرزنجەو سووورداش تا دوکان، ئەوکاتە دەستی پێ نەکراوە(داخلی، ژ٣٢٣، ل٣-٤).

* پیرەمێرد لە(ئەمساڵ ڕۆژمان کەوتوەتە زستان، ژ٣٥١، ١٩٣٣/١/١٢، ل٣-٤)دا نووسیویە: هیچ ساڵێ وەك ئەمساڵ قومار باوی نەسەندووە. لەم شەوانەدا بانقۆێی(جۆرە قومارێکە/ سدیق) گەیوەتە حەفتا دینار.

* شوباتی ١٩٣٣ بۆ یەکەمجار (نادیی مەئموورین) لە باغچەی بەر سەرای سلێمانی کرایەوە (سلێمانیش نادیی بۆ کرایەوە، ژ٣٥٣، ل٣) پیرەمێرد پێشتر لە "ژیان"دا (لەملاو لەولاوە، ژ٣٢٩، ل٢) داوای کردنەوەیی کردووە.

* پیرەمێرد لە(خوا بکا ئەمجارە ڕۆژی خۆشیان بێ، ژ٣٥٤، ل١) دا نووسیویە: ((تەنها دوو ئاواتمان ماوە یەکێکیان خوێندن و جێوڕیی منداڵان و دووهەمیان بانقێك بۆ دەستگیریی دێیەکانمان)). واتە سەرەتای ١٩٣٣، سلێمانی نە بانقی کشتوکاڵی و نە هیچ بنکەیەکی بۆ خزمەتی مناڵان تێدا هەبوە.

* پیرەمێرد، چەند ساڵێك ئاگری نەورۆزی بۆ نەکراوەتەوە. لە (نەورۆز، ژ٣٥٨، ل١-٢)دا نووسیویە: ((ئەم پیرە کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆز ئەکاتەوە، پێڕەوی باووباپیرە، بە بڵێسەی ئاگری نیاکان ڕاگوذەری ئاینەکان ڕوون ئەکاتەوە. ئەگینا بۆ هیچ ئایینێکی سیاسی لاناکاتەوە و لە کەسیش کۆناکاتەوە. ئەوی کورد بێ ناگۆڕێ...... ئاخ و داخ و درێغ

چەند ساڵە نەورۆزم بەبا ئەڕوا یا با نایەڵێ یا گەردشی چەرخی چەپگەرد لێم ناگەڕێ)).

* بەلەدییەی سلێمانی یەکەم نیوەی ساڵی ١٩٣٣ ئاوی بە بۆری گەیاندوەتە ناوشار سلێمانی، پێشتر بە ئاوی (٢٤) کارێز بەڕێوە چووە (ئاو تالآنییە، ژ٣٦٦، ل١-٢).

* قیرائەتخانەکەی قادر ئاغای ئەطار:

((بەڵێ قادر ئاغای عەطار تەنها بە هیممەتی خۆیەوە قیرائەتخانەیەکی ڕێك خستووە نموونەی ذەوقێکی شیرین و موبێلەی ڕەنگین و کتێبێکی زۆری پەسندو زەنگین و غارصۆنەکانی پاك و تەمیز و بەئاغر و سەنگین و مەجریی کوڕانی دڵنشین و هەرچیش بخۆیتەوە هەرزان و پاك و خاوێن. لە جێیەکدا کە یاریی تیا نەبێ ئاموشۆی ئەوێ بکەیت، بەلآم ئەترسم چونکە هەرزانبەهایە وەك چایخانەکەی لای قشلەی لێ بێ)) (ڕەمەضان، ژ٣٨٨، ل١).

* ئەوسا کرێکار ڕۆژی بە ٣٣ فلس ئیشی کردووە. بارێ دار بە ٧٠ و بارێ خەڵووزیش بە ١٥٠فلس زیاتر بووە. دار و خەڵووز تاکە هۆی خۆگەرمکردنەوەی سەردەمەکە بوون(ڕابەری، ژ٣٨٧، ل١-٢).

* وەرزش: ساڵی١٩٣٤ نەریتی یاریی فوتبۆڵ لە دەشتی تەیارەخانەکە داهێنراوە، شەش تیپی مەعاریف و سانەوی و ئیبتیدائی و شورتە و جەیش و ئەهالی ئێواران یارییان کردووە، بەلآم حەکەمی بێلایەنیان نەبوە (فوتبۆڵ، ژ٣٩٤، ل٣، فوتبۆڵ- تۆپبازی، ژ٣٩٦، ل١-٢).

**٣. ژیاننامە[٣]:**

١- ئەبوبەکر هەوری "ئ. ب. هەوری":

ئەبوبەکر کوڕی شێخ جەلالی موفتی کوڕی شێخ تەها کوڕی شێخ سەلامی قازی کوڕی شێخ فازل کوڕی شێخ نیزامەددینە، پێش ١٩١٥ لە دێی ( چنارە ) لەدایك بووە. سەرەتا باوکی قورئانی پێوتووەتەوە. ١٩٢٥ ماڵیان هاتوەتە ناو سلێمانی. ١٩٢٦ لە قوتابخانەی زانستیی شەوان وەرگیراوە. ساڵی دوایی چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی و پاشان ناوەندیو، بەشداری شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی بووە. لە ١٩٣٥دا خانەی مامۆستایانی سەرەتاییی لە بەغدا بڕیوە. ١٩٣٨ کراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی هەڵەبجە. ١٩٣٩ بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەییوبییەو دوایی فەیسەڵییەو قوتابخانەی سووورداش. ١٩٤٩ براوەتە قوتابخانەی سەرەتاییی ناوشارو، هەمان ساڵ بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی کانێسکان تا ١٩٦٩ کە ئیتر خانەنشین کراوە. ١٩٧٩/٤/٨ کۆچی دواییی کردووە.

لە لاوییەوە خووی داوەتە ئەدەبو شیعر. لە هەووەڵین ڕابەرو نووسەرو ئەکتەرەکانی شانۆی کوردی بووە. ئەم بەرهەمە لەچاپدراوانەی هەن:

١. دڵداریو پەیمانپەروەری، چ١، بەغدا، ١٩٤٣" چ٢، سلێمانی، ١٩٧٠/ چیرۆکی شانۆیی.
٢. ئازارو ئاوات، بەغدا، ١٩٥٦/ شیعر.
٣. سەلآحەدینو فیڵی بەنگ کێشەکان، بەغدا، ١٩٥٦/ لەعەرەبییەوە وەرگێڕراوە.
٤.بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگارییە، بەغدا، ١٩٥٦/ چیرۆکی شانۆیی.
٥. بەرهەمی خەبات، بەغدا، ١٩٥٩/ شیعر.
٦. بووکی ژێر دەواری ڕەش، بەغدا، ١٩٦١/ چیرۆکی شانۆیی.
٧. صلاح الدین الایوبی اسد القارتین، بغداد، ١٩٦٧.
٨. دەستووری نووسینی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی، بەغدا، ١٩٦٨.
٩. مەولەوی شای شاعیرانی کورد لەچەرخی نۆزدەهەمدا، سلێمانی، ١٩٧٥.
١٠. شیعری کۆنو نوێ، سلێمانی، ١٩٧٥.
١١. چیرۆکی بێناو، سلێمانی، ١٩٧٨ [٤].

[٣] لەبەرئەوەی ئیبراهیم ئەحمەدو ئەوبەکر هەوری نەبێ، ئەوانی تر لە بەرگەکانی پێشووی " ژیان"دا وێنەو ژیاننامەیان هەیە، هەر ژیاننامەی ئەو دوو زاتە لێرە هێنرایەوەو بەپێویست نەزانرا ئەوانی تر دووپات بکرێنەوە.

[٤]- بەرهەمی خەبات: بەشێك لە بەرهەمەکانی أ. ب. هەوری، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر، ٢٠٠٢.
بۆ درێژەی ژیاننامەکەی بڕوانە بەشی "ڕۆژانی دێرین، ل١٨٧-٢٧٤"ی ئەو کتێبە.

**٢- ئیبراهیم ئەحمەد "سیاپۆش، نیقابداری سیاپۆش":**

**ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد کوڕی فەتاح کوڕی مستەفایە، بەهاری ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. یەکەمجار خراوەتە حوجرەو، پاشان قوتابخانەی سەرەتاییو، تا پۆلی دووەمی ناوەندیی هەر لە سلێمانیو، پۆلەکانی سێهەمی ناوەندیو دوو پۆلی لقی ئەدەبیی سانەویو کۆلیجی حوقووقی لە ١٩٣٧دا لە بەغدا تەواوکردووە. هەمان ساڵ نامیلکەی (العرب والاکراد)ی بە هاوکاریی هەمزە عەبدوڵلا بە عەرەبی بڵاوکردووەتەوەو، لەسەری دراوەتە دادگاو، بێتاوان دەرچووە.**

**سەرەتای ساڵانی سی، کۆمەڵی (لاوانی کورد )ی لەگەڵ قوتابیانی تری کورددا لە بەغدا پێك هێناوە، کە دوو گۆڤاری "یادگاری لاوان"و "دیاری لاوان"ی دەرکردووە. لە ١٩٣٩دا، بە پشتیوانیی "محەمەد باشقە"ی کوردی فەیلیی مودیری تەحریراتی موتەسەڕیفیەتی سلێمانی، مۆڵەتی گۆڤاری "گەلاوێژ "ی وەرگرتووە، کە تا ١٩٤٩ بەردەوام بووەو، سەرجەم ١١٨ ژمارەی بە ١٠٥ بەرگ لێ دەرچووە.**

**ئابی ١٩٤٤، بە لێپرسراوی لقی کوردستانی عیراقی کۆمەڵەی "ژ. ك" هەڵبژێردراوە. دوای ڕووخانی جەمهووریی مەهاباد، چووەتە ناو پارتی دیموکراتی کورد- عیراق، کراوە بە لێپرسراوی لقی سلێمانی. ١٩٤٩، گیراوەو، حوکمی دوو ساڵ زیندانی بەسەردا دراوە. کە ١٩٥١ بەردراوە، مارتی ئەوساڵە بەشداریی دووەم کۆنگرەی پارتی بووە لە بەغداو، بە سکرتێر هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٥٦ کە هەردوو باڵی پارتیو شیوعیە کوردەکان یەکیان گرتووەو "پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان"یان پێك هێناوە، بە سکرتێر دانراوەتەوە.**

**لە کۆنگرەی چوارەمیشدا، بە سکرتێر هەڵبژێردراوەتەوە. ئەو ماوەیە ئیمتیازی ڕۆژنامەی "خەبات"ی وەرگرتووە، کە دواتر بووەتە ئۆرگانی پارتی. خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی کوردیی "کوردستان"یش بووە. لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەدواوە چووە شاخ، تا لە ١٩٦٤دا لە مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی پارتی جیابووەوە. کە ناکۆکیەکە گەیشتە ڕادەی شەڕو پێکدادان، چووە دیوی ئێرانو، کە هاتەوە وەك باڵی مەکتەبی سیاسی مایەوە تا ئەو باڵە لە ١٩٧١دا چووەوە پاڵ بارزانی. ١٩٧٥ کە شۆڕش نوشستیی هێنا، چووە ئێرانو ئەمجا لەندەن، کۆتاییی تەمەنیی لێ بەسەر برد. لەوێ، گۆڤاری "چریکەی کوردستان"ی دەرکرد. ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٨ کۆچی دواییی کردو، تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان، لە گردی "سەلیم بەگ" نێژرا.**

**ئیبراهیم ئەحمەد، وەك شاعیرێکی بەهرەمەندو چیرۆکنووسێکی کارامە بوو، چەند ڕۆمانو کورتە چیرۆکێکی نووسیوە، لەوانە "ژانی گەل"و "دڕكو گوڵ"، ڕۆژنامەوانو وتارنووسێکی قەڵەم بەبڕشتیش بووە، زۆری وتارەکانی "ڕزگاری"ی ئۆرگانی نهێنیو "خەبات"ی ئۆرگانی ئاشکرای پارتیی نووسیوە[٥].**

**٤. وێنە:**



**ئەبوبەکر هەوری**

**(سەرچاوە: ئیدارەخانەی "گۆڤاری سلێمانی")**



**ئیبراهیم ئەحمەد**

**(سەرچاوە: یادنامە، (سلێمانی: چاپخانەی دلێر، ٢٠٠٢)**

**[٥] -یادگارو هیوا: چاپکە گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن (ی.ن.ك)، ٢٠٠٠/٥/١٨، لاپەڕە ٢-٢٠، ٩١-٩٤.**

**٥. پێڕست:**

**٥. ١. بابەتی نووسەران:**

**٥. ١. ١. بابەتی نووسەر دیار:**


| ناوی نووسەر | ناونیشانی بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. ئەبوبەکر شێخ جەلال "ئ. ب. هەوری" | ١. سکالاً لەتەك دلا/ شیعر | ٣٧٥ |
| ٢. ئەحمەد حەمدی بەگ | ١. مەنظوومەی غەڕڕا/ شیعر<br>٢. مەنظوومەی غەڕڕا/ شیعر | ٣٦٠<br>٣٦٣ |
| ٣. ئیبراهیم ئەحمەد "سیاپۆش، نیقابداری سیاپۆش" | ١. لە شەوا<br>٢. شیرین لە سەرەمەرگا<br>٣. شین بۆ گوڵێ<br>٤. ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان-١<br>٥. ئەدەبیاتی کوردی: شاعیرەکانمان-٢ | ٣٢٦<br>٣٢٨<br>٣٣٤<br>٣٣٥<br>٣٣٦ |
| ٤. حاجی تۆفیق"پیرەمێرد" | ١. بڕۆ پەی کاری خۆت/ شیعر | ٣٢١ |
| | ٢. گوڵەوەچنی-١ | ٣٢٢ |
| | ٣. ڕازی دەروونی خەسرەو لە یاری ئەمشەودا/ شیعر | ٣٢٢ |
| | ٤. دەستگیریی داماوان | ٣٢٣ |
| | ٥. گوڵەوەچنی-٢ | ٣٢٣ |
| | ٦. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٢٣ |
| | ٧. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٢٤ |
| | ٨. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٢٥ |
| | ٩. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٢٦ |
| | ١٠. نەتەوە و زبانی کورد | ٣٢٦ |
| | ١١. زبانی کوردی | ٣٢٧ |
| | ١٢. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٢٧ |
| | ١٣. ئەدیسۆن کێ بوو و چیی کرد-١ | ٣٢٧ |
| | ١٤. شەرەفنامە: پەڕاگەندە-١ | ٣٢٧ |
| | ١٥. .... | ٣٢٨ |
| | ١٦. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٢٨ |
| | ١٧. گوڵدەستەی گوڵان | ٣٢٩ |
| | ١٨. ئەدیسۆن کێ بوو و چیی کرد-٢ | ٣٢٩ |
| | ١٩. پەڕاگەندەی دووەمی شەرەفنامە-٢ | ٣٢٩ |
| | ٢٠. پەندی پێشینان | ٣٢٩ |
| | ٢١. ئاوڕێك خەنیمی گیانێکە: مەم و زین-١ | ٣٣٠ |
| | ٢٢. پەندی پێشینان | ٣٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | ٢٣. مەولوودی نەبەوی | ٣٣٢ |
| | ٢٣. مەمو زین–٢ | ٣٣٢ |
| | ٢٤. مەمو زین–٣ | ٣٣٣ |
| | ٢٥. مەمو زین–٤ | ٣٣٤ |
| | ٢٦. مەمو زین–٥ | ٣٣٥ |
| | ٢٧. مەمو زین–٦ | ٣٣٦ |
| | ٢٨. سەیرانی پێنجوێن–١ | ٣٣٧ |
| | ٢٩. مەمۆ زین–٧ | ٣٣٧ |
| | ٣٠. سەیرانی پێنجوێن–٢ | ٣٣٨ |
| | ٣١. تەفرەی پف هەڵدراو /شیعر | ٣٣٨ |
| | ٣٢. مەمو زین–٨ | ٣٣٨ |
| | ٣٣. مەمو زین–٨ | ٣٣٩ |
| | ٣٤. مژدەی ژیان | ٣٤٠ |
| | ٣٥. مەمو زین–٩ | ٣٤٠ |
| | ٣٦. ڕۆژنامەی ژیان | ٣٤٠ |
| | ٣٧. پیرۆز بێ بۆ هەموو! خەوی خۆشمان بەڕاست گەڕا | ٣٤١ |
| | ٣٨. مەمو زین–١٠ | ٣٤١ |
| | ٣٩. شەهرئایین | ٣٤٢ |
| | ٤٠. لە مەملەکەتەکانی میللەتی حوڕدا، درۆ، ڕیا، تەبەصبوص | ٣٤٢ |
| | ٤١. مەم و زین–١١ | ٣٤٣ |
| | ٤٢. مەم و زین–١٢ | ٣٤٤ |
| | ٤٣. چۆن ژیان و چۆن ئەژین ئێستا/ شیعر | ٣٤٥ |
| | ٤٤. مەم و زین–١٣ | ٣٤٥ |
| | ٤٥. شینی ژیان بۆ زیان/ شیعر | ٣٤٦ |
| | ٤٦. مەم و زین–١٤ | ٣٤٦ |
| | ٤٧. سێ بەیت شیعر | ٣٤٧ |
| | ٤٨. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٤٩ |
| | ٤٩. عەشقی بێسوود/ شیعر | ٣٥٠ |
| | ٥٠. ئەمساڵ ڕۆژوومان کەوتوەتە زستان | ٣٥١ |
| | ٥١. جەژنە پیرۆزە | ٣٥٢ |
| | ٥٢. دوو بەیت شیعر | ٣٥٢ |
| | ٥٣. بەرئاوردی پێشوو و ئێستا/ شیعر | ٣٥٣ |
| | ٥٤. سلێمانیش نادیی بۆ کرایەوە/ شیعر | ٣٥٣ |
| | ٥٥. خوا بکا ئەمجارە نۆرەی خۆشیان بێ | ٣٥٤ |
| | ٥٦. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٥٤ |
| | ٥٩. مانگی ڕەشەمێ | ٣٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | ٦٠. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٥٥ |
| | ٦١. بەیتێك شیعر | ٣٥٥ |
| | ٦٢. ئاواتەخوازی/ شیعر | ٣٥٦ |
| | ٦٣. سكالاّ لەگەڵ بولبولدا/ شیعر | ٣٥٧ |
| | ٦٤. بەیتێك شیعر | ٣٥٧ |
| | ٦٥. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٥٧ |
| | ٦٦. كردوكۆشی و كشتوكاڵ | ٣٥٩ |
| | ٦٧. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٥٩ |
| | ٦٨. ڕۆحی مەولەوی و شێوەی خۆمان-١ | ٣٥٩ |
| | ٦٩. بەیتێك شیعر | ٣٥٩ |
| | ٧٠. سەرگورشتەی پیرێژنان بۆ منالی گوێ ئاگردان/ شیعر | ٣٦٠ |
| | ٧١. واوەیلای كۆچی عەبدولقادر/ شیعر | ٣٦١ |
| | ٧٢. پەخشان یا واتەی سەربەست (لە زبانی تارییەوە) | ٣٦١ |
| | ٧٣. زانست | ٣٦٢ |
| | ٧٤. ڕۆحی مەولەوی-٢ | ٣٦٢ |
| | ٧٥. ڕۆحی مەولەوی-٣ | ٣٦٣ |
| | ٧٦. مزگێنیی دڵ تازەبوونەوەی خوێندەواران | ٣٦٤ |
| | ٧٧. یادی مەولەوی-٤ | ٣٦٤ |
| | ٧٨. .............. | ٣٦٥ |
| | ٧٩. ڕەندی قەلەندەر/ شیعر | ٣٦٥ |
| | ٨٠. ئاو تالاّنییە | ٣٦٦ |
| | ٨١. دوانزە سوارەی مەریوان-١ | ٣٦٦ |
| | ٨٢. بۆچ فێری پارە پەیداكردن نەبین؟! | ٣٦٧ |
| | ٨٣. دوانزە سوارەی مەریوان-٢ | ٣٦٧ |
| | ٨٤. چاوڕوونی | ٣٦٨ |
| | ٨٥. دوانزە سوارەی مەریوان-٣ | ٣٦٨ |
| | ٨٦. هونەرنمایی مەكتەبی كچان | ٣٦٩ |
| | ٨٧. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٦٩ |
| | ٨٨. دوانزە سوارەی مەریوان-٤ | ٣٦٩ |
| | ٨٩. ئەحواڵی صیحییەمان | ٣٧٠ |
| | ٩٠. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٧٠ |
| | ٩١. دوانزە سوارەی مەریوان-٥ | ٣٧٠ |
| | ٩٢. گەیشتە تینمان، وا هاوار ئەكەین | ٣٧١ |
| | ٩٣. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٧١ |
| | ٩٤. دوانزە سوارەی مەریوان-٦ | ٣٧١ |
| | ٩٤. غەزەتەی ژیان | ٣٧٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | ٩٥. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٧٢ |
| | ٩٦. دوانزە سوارەی مەریوان-٦ | ٣٧٢ |
| | ٩٧. بنەژیلە | ٣٧٣ |
| | ٩٨. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٧٣ |
| | ٩٩. دوانزە سوارەی مەریوان-٧ | ٣٧٣ |
| | ١٠٠. طیاری کێن، کەی هاتنە عیراق، چۆن بوون و چییان بەسەر هێناین | ٣٧٤ |
| | ١٠١. ڕۆحی مەولەوی-٥ | ٣٧٤ |
| | ١٠٢. دوانزە سوارەی مەریوان-٩ | ٣٧٤ |
| | ١٠٣. یادگاری لاوان-١ | ٣٧٥ |
| | ١٠٤. تەجنید ئیجباری(سپای زۆربگیر) | ٣٧٦ |
| | ١٠٥. تەنقیدێکی ئەدەبی لەبابەت دەرچوونی (یادگاری لاوان)ەوە-٢ | ٣٧٦ |
| | ١٠٦. ڕۆحی مەولەوی-٦ | ٣٧٦ |
| | ١٠٧. دوانزە سوارەی مەریوان-١٠ | ٣٧٦ |
| | ١٠٨. چوارینەیەك/ شیعر | ٣٧٦ |
| | ١٠٩. فیطنەتی شاعیر مەڕی ئەكرِی/ شیعر | ٣٧٦ |
| | ١١٠. چۆن حوكمدارێكمان بوو؟! / شیعر | ٣٧٨ |
| | ١١١. ســــەرەتای كارێ كە زۆر بەكارە خوا بیكا بەهۆی چاكیی ئەم شارە | ٣٧٩ |
| | ١١٢. ئەدەبییاتی كوردی: جوانكاری (صەنایعی نەفیسە) و زانست(علم)-٣ | ٣٧٩ |
| | ١١٣. تەئریخی تەتویج و جلووسی مەلیك غازیی ئەووەل | ٣٧٩ |
| | ١١٤. مەولەوی شینی لەیلای خۆی ئەكا-٧ | ٣٧٩ |
| | ١١٥. خەوێكی شیرین | ٣٨٠ |
| | ١١٦. ئەدەبییاتی كوردی: جوانكاری و ئەدەبییات غەریزەیە-٤ | ٣٨٠ |
| | ١١٧. پێڕەوی شاموظەفەر/ شیعر | ٣٨٠ |
| | ١١٨. ئەدەبییاتی كوردی-٥ | ٣٨١ |
| | ١١٩. نەشیدەی ماتەم: گۆرانیی مەكتەب/ شیعر | ٣٨١ |
| | ١٢٠. خاكەكەمان | ٣٨٢ |
| | ١٢١. بەیتێك شیعر | ٣٨٢ |
| | ١٢٢. ڕۆحی مەولەوی-٨ | ٣٨٢ |
| | ١٢٣. دیسان خاكەكەمان | ٣٨٣ |
| | ١٢٤. ئەدەبییاتی كوردی-٦ | ٣٨٣ |
| | ١٢٥. كانگەی نەوتی كەركووك | ٣٨٤ |
| | ١٢٦. بەیادی مەلا وەڵەوخان/ شیعر | ٣٨٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | ١٢٧. ...... | ٣٨٥ |
| | ١٢٨. ئەدەبییاتی کوردی-٧ | ٣٨٥ |
| | ١٢٩. ڕۆحی مەولەوی-٩ | ٣٨٥ |
| | ١٣٠. ئەدەبییاتی کوردی-٨ | ٣٨٦ |
| | ١٣١. ڕۆحی مەولەوی-١٠ | ٣٨٦ |
| | ١٣٢. رابەری | ٣٨٧ |
| | ١٣٣. ڕەمەضان | ٣٨٨ |
| | ١٣٤. مەولەوی و ڕەندی ڕۆژووی ڕەمەضان/ شیعر-١١ | ٣٨٨ |
| | ١٣٥. هەزەلیات: خەیاڵی ڕۆژوو | ٣٨٩ |
| | ١٣٦. ئەدەبییاتی کوردی-٩ | ٣٨٩ |
| | ١٣٧. ڕۆحی مەولەوی-١٢ | ٣٨٩ |
| | ١٣٨. تەجنید ئیجباری: سپای زۆربگیر | ٣٩٠ |
| | ١٣٩. ئەدەبییاتی کوردی-١٠ | ٣٩٠ |
| | ١٤٠. ڕۆحی مەولەوی-١٣ | ٣٩٠ |
| | ١٤١. خدمەتی تێگەیشتن | ٣٩١ |
| | ١٤٢. ڕۆحی مەولەوی-١ | ٣٩١ |
| | ١٤٣. لە عیراق شادی، شایی، شایی | ٣٩٢ |
| | ١٤٤. مەولەوی شاییی ڕەشبەڵەك ئەکا/ شیعر-١٥ | ٣٩٢ |
| | ١٤٥. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٩٢ |
| | ١٤٦. چی بۆ ئێمە چاکە | ٣٩٣ |
| | ١٤٧. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٩٣ |
| | ١٤٨. ڕۆحی مەولەوی-١٦ | ٣٩٣ |
| | ١٤٩. بێ چاوێنی بێ عیراق کەوتە خۆی | ٣٩٤ |
| | ١٥٠. ڕۆحی مەولەوی-١٧ | ٣٩٤ |
| | ١٥١. عەجەبا سلێمانی ئەبێ بە صەیفییە؟ | ٣٩٥ |
| | ١٥٢. لەطیفەی مەولەوی-١٩ | ٣٩٥ |
| | ١٥٣. فوتبۆڵ- تۆپبازی | ٣٩٦ |
| | ١٥٤. ڕۆحی مەولەوی-٢٠ | ٣٩٦ |
| | ١٥٥. حوقووقی ئیدارە: پاشماوەیە | ٣٩٧ |
| | ١٥٦. پەندی پێشینان/ شیعر | ٣٩٧ |
| | ١٥٧. ڕۆحی مەولەوی-٢١ | ٣٩٧ |
| | ١٥٨. ئەدەبییاتی کوردی-١١ | ٣٩٨ |
| | ١٥٩. فەرهەنگۆك | ٣٩٩ |
| | ١٦٠. خواناسیی مەولەوی-٢٢ | ٣٩٩ |
| | ١٦١. نادی | ٤٠٠ |
| | ١٦٢. ڕۆحی مەولەوی-٢٣ | ٤٠٠ |
| | ١٦٣. پەندی پێشینان | ٤٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥. جەلال قادر | ١. فائیدەی بۆریەی ئاو | ٣٥٧ |
| ٦. ڕەشید نەجیب "فەرامرز" | ١. شاری بەدبەخت/ شیعر | ٣٤٧ |
| | ٢. فەریادی دووری/ شیعر | ٣٥٢ |
| ٧. شێخ سەلام | ١. بەختەکەم بەدبەخت و شوومە... / شیعر | ٣٥٠ |
| | ٢. دڵ، فرمێسک/ شیعر | ٣٥٥ |
| ٨. شاکیر فەتاح | ١. شەو | ٣٢٦ |
| | ٢. ئاواتی دڵ: گەشتێك بەسەر باڵی پەڕندەی خەیاڵەوە-١ | ٣٥٥ |
| | ٣. ئاواتی دڵ-٢ | ٣٥٦ |
| | ٤. ئاواتی دڵ-٣ | ٣٥٧ |
| | ٥. فرمێسکی مەم | ٣٦٣ |
| | ٦. پێکگەیشتن/ شیعر | ٣٦٤<br>٣٦٥ |
| ٩. عەبدوڵڵا بەگ "گۆران" | ١. سکاڵا: بۆ بزان/ شیعر | ٣٢١ |
| | ٢. شیوەنی گوڵاڵە/ شیعر | ٣٣٩ |
| | ٣. دەروێش عەبدوڵڵا: بۆ پەریی مۆسیقا/ شیعر | ٣٤٠ |
| | ٤. گوڵی کەمخایەن/ شیعر | ٣٤٣ |
| | ٤. بۆ ڕۆحی سالم/ شیعر | ٣٤٦ |
| | ٥. لە سەرەمەرگی هیوادا/ شیعر | ٣٨٢ |
| ١٠. فایەق بێکەس | ١. خەیاڵی ژێر لێفە/ شیعر | ٣٣٤ |
| | ٢. لەگەڵ مانگدا سکاڵا/ شیعر | ٣٣٧ |
| | ٣. نەظیرە بۆ قەصیدەیەکی حەمدی/ شیعر | ٣٤٦ |
| ١١ـ نەجمەدین حاجی مەلا ڕەسووڵ | ١. کوردیی پەتی/ شیعر | ٣٢٣ |

**٥. ١. ٢. بابەتی نووسەر نادیار:**

| ناو | ناونیشانی بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. ئ. ع.. خەیاط | ١. خۆشەویستیی وەطەن-١ | ٣٤٤ |
| | ٢. خۆشەویستیی وەطەن-٢ | ٣٤٥ |
| ٢. پەروێز | ١. مەوقیعی ئافرەت لە ئەڵمانیادا: (تەرجەمەیە) | ٣٥١ |
| ٣. کوردێك | ١. لەناکاوا فەرقێکی گەورە | ٣٢٤ |
| ٤. لاوێکی کورد | ١. با زانست بکەین بە نادیی طەڵەبە | ٣٢١ |
| | ٢. مردنی مناڵی ساوا | ٣٣١ |
| | ٣. چی بکەین بۆ پێشکەوتنی مناڵانمان | ٣٣٦ |
| | ٤. سامانی وڵاتەکەمان | ٣٤٥ |
| ٥. نەژاد | ١. قسەی جوان | ٣٩٨ |

**٥. ١. ٣. بابەتی بێناو:**

| ژماره | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| ٣٢١ | ١. گفتوگۆ–٤ |
| ٣٢٢ | ٢. گفتوگۆ–٥ |


**٢.٥. بابەتی هەمەجۆر:**


| ژمارە | ناونیشان |
|---|---|
| ٣٢١ | ١. ضیاعێکی ئەلیم |
| ٣٢٢ | ٢. ڕازی برادەری: پیرەمێرد |
| ٣٢٧ | ٣. کوردێکی ڕاستبێژ |
| ٣٣٠ | ٤. مەتەڵ |
| ٣٣١ | ٥. جوابی مەتەڵی ژیان |
| ٣٣١ | ٦. مەتەڵ |
| ٣٣٢ | ٧. سەرپەڕە: ژیان |
| ٣٣٣ | ٨. مەتەڵ |
| ٣٣٣ | ٩. مەتەڵی پەردەپلاو: حەمەخان ئەحمەد |
| ٣٣٨ | ١٠. مەتەڵ |
| ٣٤٣ | ١١. میللەت حیسابی ئەوێ |
| ٣٤٤ | ١٢. بژی میللەت: عەبدولواحید نووری |
| ٣٤٥ | ١٣. گلەیی |
| ٣٤٦ | ١٤. لە جوابی مەقالەی (میللەت حیسابی ئەوێ) |
| ٣٤٧ | ١٥. تەشەکور: صەلاحەدین بابان |
| ٣٤٨ | ١٦. جوابی ڕەشید زەکی ئەفەندی |
| ٣٤٨ | ١٧. تەبەڕروع: ژیان |
| ٣٥٤ | ١٨. ڕجا |
| ٣٥٥ | ١٩. ڕجا |
| ٣٥٦ | ٢٠. ڕجا |
| ٣٦٢ | ٢١. ڕجا |
| ٣٦٣ | ٢٢. ڕجا |
| ٣٦٤ | ٢٣. بۆ مودیری فاضیلی غەزەتەی ژیان: هەمەوەند یوونس |
| ٣٦٧ | ٢٤. مەتەڵ |
| ٣٧٣ | ٢٥ـ بۆ کاتبی مودیری مەعاریفی لیوای سلێمانی عەبدوڵلا عەلی حیکمەت ئەفەندی |
| ٣٧٣ | ٢٦. نەوهەوەسی ئەدەبیات ئەبوبەکر شێخ جەلال |
| ٣٨٠ | ٢٧. بۆ زانینی هەموو: حاجی کەریم مەحموود کەبابچی |
| ٣٨١ | ٢٨. بۆ زانینی هەموو: مۆری عەبدە محەمەد |
| ٣٨٧ | ٢٩. مەتەڵ |
| ٣٨٨ | ٣٠. مەتەڵ |
| ٣٨٨ | ٣١. سپاس: حەفیدزادە شێخ قادر ئەفەندی |

| | |
|---|---|
| ٣٢. مەتەڵ | ٣٨٩ |
| ٣٣. مەتەڵ | ٣٩٠ |
| ٣٤. مەتەڵ | ٣٩١ |
| ٣٥. مەتەڵ | ٣٩٢ |
| ٣٦. مەتەڵ | ٣٩٤ |
| ٣٧. مەتەڵ | ٣٩٦ |
| ٣٨. بۆ زانینی: لوطفییە ئەحمەد ئەفەندی | ٣٩٩ |


**٥. ٣. هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵی**

**٥. ٣. ١. دەرەوە:**


| ژمارە و سەرباس |
|---|

**ژ٣٢٤: شاهی ئێران**

**ژ٣٢٥: مانچۆریا و ئینتیداب**

**تیجارەتی ئەڵمان**

**ئیستیعفای ڕەئیس جمهووری ئەڵمانیا**

**ژ٣٢٩: دەبدەبەو دارایی مەلیکی حیجاز**

**ژ٣٥٠: نەوتی ئاباوان**

**ژ٣٥٩: وەلیعەهدی حیجاز ئەمیر فەیصەڵ سوعوود**

**بەینی ئێران و ئینگلتەرە**

**لە ئەڵمانیادا زۆرداریيان لە میللەتی یەهوودی کردووە**

**ژ٣٦٠: لەبەینی ئینگلیز و ئەڵمانیادا**

**ژاپۆن و چین**

**نیظامنامەی جەمعییەتی نیسوانی شەرق-١**

**ژ٣٦٣: نیظامنامەی جەمعییەتی نیسائی شەرق-٢**

**ژ٣٦٥: ڕەئیسی جەمعییەتی نیسائی شەرق**

**مەسئەلەی نەوتی بەینی ئینگلیز و ئیران**

**ژاپۆن و چین**

**ژ٣٦٦: زوو تەفرە مەخۆن !**

**ژ٣٦٨: لە ئامریقا**

**ژ٣٧٠: حەرەکاتی عوصیانی مەدەنی**

**ئیتیفاقی ٤ دەوڵەت**

**ژ٣٨٩: نەگبەتیی فرانسە**

**ژ٣٩١: خەیاڵی ئامریقا**

**ژ٣٩٢: جەلالەتی ڕەضا شاه**

**غیرەتی ژنانی بەیرووت**

**ژ٣٩٣: تورکیا لە شوێن ئەصیل ئەگەڕێن**

**ژ٣٩٩: ئیمام یەحیا**

**ژ٤٠٠: مەسئەلەی هەرای بەینی یەمەن و حیجاز**

**٥. ٣. ٢. عيراق:**

| ژماره و سەرباس |
| --- |

ژ٣٢٢: عەمادییە

وەزارەتی مەعاریف

ژ٣٢٣: بەلەدییەی مووصڵ

نادی الموظفین

ژ٣٢٤: تەبلیغی ڕەسمی: هەواڵی بارزان

مەجلیسی میللەتی یەزیدی

عەباس فەضلی بەگ موحاسەبەچیی ئەمانەتی عاصیمە

ئیستیعفای موزاحیم پاچەچی

مەجلیسی ئیدارەی پایتەخت بەغدا

ئەحمەد فەهمی بەگ مودیری واریداتی عامی بەغداد

مەجلیسی نیابی

ئاڵوگۆڕی بجایشی مەحموود فەخری بەگ موتەصەڕیفی بەصرە و عەبدوڕڕەزاق بەگی موتەصەڕیفی دیالە

ژ٣٢٥: ڕەنجبەری بێکار

لەبەینی عیراق و ئێراندا ئیتیفاقیات

موعتەمەدی سامیی عیراق

فەخامەتی ڕەئیسول وزەرا

ژ٣٢٧: بەینی عیراق و ئێران

کردنی پردێك لە مووصڵ

ژ٣٢٨: تەبلیغی ڕەسمی: ئەوی لە حکوومەتەوە پێمان گەیشتووە (بارزان)

ژ٣٤٤: قابینەی تازە

هیجری دەدە

ژ٣٤٦: ئوم کولثووم

ژ٣٥٩: ئەمین زەکی بەگ کرا بە مودیر عامی ئیقتیصاد و مواصەلات

تۆفیق بەگ سویدی وەزیری موفەووەضی دەوڵەتی عیراق

جەلالەتی مەلیکی موعەظەمی عیراق

حکوومەت و عەشائیری لێقەوماو

ژ٣٦١: تەئریخی هیجری لە عیراق

قانوونی عەفوی عموومیی بارزان

ژ٣٦٣: تەعریفەی تازەی گومرگی عیراق

ژ٣٦٥: هەیکەلی جەلالەتی مەلیك

ژ٣٦٦: ڕۆژی یەکشەموو دەی مانگی صەفەر

مەلیك سەفەری خێری هاتە بەر

حیکمەت سلێمان وەزیری داخلییە و جەلال بابان وەزیری دیفاع

دانانی قانوونی تەنزیلی ڕسووماتی مەحکەمەی طاپۆ

ژ٣٧٥: مەسئەلەی طیاری

نمایشی قووەی عومووومییە لە حەدبا

"ســــــەوادی عیراق حاتەمی پۆشا

فرمێسکی خوێنین لەچاوا جۆشا"

ژ٣٨٨: موهەندیسی دەستەی پۆستە و تەلغراف عەبدولجەبار ئیسماعیل

ژ٣٨٩: مەحکەمەی جەزای بەغدا

مەحکەمەی جەزای مووصڵ

ڕیجییە

ژ٣٩٠: ڕەئیس بەلەدییەی کەرکووک شێخ حەبیب ئەفەندیی طاڵەبانی

ئەمین ڕەیحانی

باران

ژ٣٩١: لەجیی شێخ حەبیب ئەفەندیی طاڵەبانی، سلێمان بەگ فەتاح پاشا بوو بە ڕەئیس بەلەدییەی کەرکووک

غەزەتەکانی بەغدا و دوقتۆر ئەمیر

ژ٣٩٢: جەعفەر پاشا

تەعینی دوو قائیممەقام: مصطەفا بەگ یەعقووبی و ناجی بەگ هورمزی

لەبابەت چەند مەضبە طەیەکەوە

نەوتی کەرکووک

ژ٣٩٣: هاتنی جەلالەتی ڕەضا شاه بوو بە ڕاست

ژ٣٩٤: دەنگوباسی قابینە

فوتبۆڵ: موسابەقە لەطەرەف چەند فیرقەیەکەوە

ژ٣٩٧: شیرکەتی نەوت

ژ٣٩٨: موسابەقەی نیهائیی فوتبۆڵ

ژ٤٠٠: تەلیفۆن لەبەینی بەغدا و لەندەنا

**٥. ٣. ٣. سلێمانی (ناوشار-داخیلی):**

| ژمارە و سەرباس |
|---|

ژ٣٢١: زانستی

ژ٣٢٢: وێنەی سەرگورشتە بە کوردیی پەتی

ژ٣٢٣: ڕۆژی ویلادەتی جەلالەتی مەلیکی موعەظەم

ئەحمەدشەوقی مودیری مەنطیقەی ئەشغاڵی کەرکووک: ڕێگای پێنجوێن

تەحویل: موعاوینی مودیری پۆلیس صەبری بەگ

ژ٣٢٤: دەنگی فریشتەی سەمای عیراقی

تەعینی محەمەدسەعید ئەفەندی حاجی حسێن بە قایمقامی قەضای گل

هەیئەتی تەعلیمییەی مەکتەبی کچانی سلێمانی: تەمثیل

ژ٣٢٥: ئاهەنگی شەوانە کە لە طەهراندا بۆ جەلالەتی مەلیکی موعەظەمی ئێمە کراوە

قۆمپانیای سینگەر و فێرکردنی صەنعەت: مەکتەبێکی کچانی گوشادکردەوە

سەفەری موتەصەریف و پیرەمێرد بۆ بەغدا

تەشریف هێنانی مەبعووث محەمەدصاڵح بەگ

ژ٣٢٧: تەشریف هێنانی جەلالەتی مەلیکی موعەظەم بۆ سلێمانی

صاڵح زەکی صاحێبقران

قامپی ئاثوورییەکان

تەشریف هێنانی ئەمین زەکی بەگ و نووری ثابت بەگ

ژ٣٢٩: دائیرەی ئەشغاڵ: پردی قەڵاچوالان

ئەنجومەن- نادی

هاتنەوە: صاڵح زەکی بەگ ئەگەر بەڕاستی تێبکۆشی نائومێد نابێ

حسێن بەگی مودیری وارماواو عارف ئەفەندیی مودیری تانجەرۆ

ژ٣٣٢: مەدرەسەی سینگەری سلێمانی

ژ٣٣٣: زاخاوی دڵی میللەتە تەشریفی مەلیکمان

ژ٣٣٤: گەڕانەوەی مەوکیبی جەلالەتی مەلیکی موعەظەم

تەشریف هێنانی مودیر عامی قۆمپانیەی سینگەری عیراق موسیۆ تۆماس و قاسم ئەفەندیی موفەتیش و بەهائەدین ئەفەندیی ڕەئیسی قۆمپانیەی مەذکوری لیوای سلیمانی و کەرکووك

ژ٣٣٥: شەهرئایینی تاجگوذاریی جەلالەتی مەلیك

تەشریف هێنانی وەزیری عەدلییە جەمال بەگ بابان، قائیممەقامی شارباژێڕ محەمەد فوئاد بەگ

ژ٣٣٧: تەشریف هێنانی عەلی ئەفەندیی نائیبی کەرکووك و عەلی پاشای زاوای

ژ٣٣٨: ئاوی پاك

تەشریف هێنانی موستەشاری داخلییە

ژ٣٤٢: شەهرئایین-١

ژ٣٤٣: نوطقی ڕەئیس بەلەدییە-٢

هەلێکی چاك

ژ٣٤٤: شاهزادە ئەحمەد تەوحید ئەفەندی کوڕی شاهزادە سەیفەددین کوڕی سولطان عەبدولعەزیز

ژ٣٤٧: بەغدا بە هاوارمانەوە هات

تەشریف هێنانی سەید نووری ئەفەندیی بەرزنجی موفەتیشی مەعاریفی مەنطیقەی کوردستان و موفەتیشی موتەوەسیطە تەحسین ئیبراهیم و مودیری ڕیاضەی بەدەنییە عەبدولکەریم عەسیرانی

زیانی لێقەوماوانی لافاوی سلێمانی

"قەومێ بیەوێ ئەویش سەرکەوێ

پێش هەموو چشتێ پارەی پێ دەوێ"

تەبەڕروع: ژیان

ژ٣٤٨: ناوی ئەوانەی کە بە لافاو خەسارەمەند بوون-١

ژ٣٤٩: قدوومی خێربێ نووابی تازە

ناوی ئەوانەی کە بە لافاو خەسارەمەند بوون-٢

ژ٣٥٠: ناوی ئەوانەی کە بەلافاو خەسارەمەند بوون-٣

ژ٣٥١: حەفلەی ئیفتیتاحی شوعبەی شركة الدخان الوطنية لە سلێمانی

ناوی ئەوانەی کە بەلافاو و خەسارەمەند بوون-٤

ژ٣٥٢: هیوای ژیان

گەڵاڕێزانی پایز...

خذمەتی قۆمپانیای سینگەر لە سلێمانی

ژ٣٥٣: سەرەتای دەرکەوت نووابی تازە

ژ٣٥٧: مانگانەی بۆریی ئاو

ژ٣٦٣: بۆ ئەوانەی بەر ذەیلی قانوون کەوتوون

ژ٣٦٥: عەودەت

من و غاندی

پەیدابوونی هاڕیە

ژ٣٦٦: هاتنی: عومەر نەظمی بەگ موفەتیشی ئیداری

ژ٣٦٧: کەسی دا بە بێکەس کەسی بێکەسان

دیسان پێکاهاتین

ژ٣٦٨: دوقتۆر مەلك

هاتن: نەژادی کوڕی پیرەمێرد

تەشەکوری سەعید ئەدیب ئەفەندی: مودیری مەعاریفی لیوای سلێمانی

ژ٣٦٩: هاتن: مەبعووث محەمەدصالّح بەگو صەبری ئەفەندی، ڕەشید نەجیب "فەرامرز"

ژ٣٧٠: شێخ صالّحی شیخ محەمەد لە طەڵەبەی حەربییەی بەغدا

هاتن: موفەتیشی ئیداری عومەر نەظمی بەگ، مودیری تەحریراتی کەرکووك سەعید ئەدیب ئەفەندی

ژ٣٧٤: تەشریف هێنانی ئەمین زەکی بەگ، دوقتۆر حننا بەگ، بابان جەمال بەگ

ژ٣٧٥: شەهرئایینی تاجگوذاریی جەلالەتی مەلیکی موعەظەمی عیراق

ژ٣٧٦: لە نوسخەی ٤ی ئەیلوولی١٩٣٣ی"الاستقلال"دا

ژ٣٧٧: صوورەتی تەلغرافێك کە طەرەف ئەهالیی بەلدەوە نووسراوە

سەمای سەعادەت طەیارەی ئەویٚ-١

ژ٣٧٨: ماتەم

ماتەم لەسەر ماتەم: وەفاتی محەمەدعەلی بەگ

ناوی موتەبەڕڕعین بۆ جەمعییەتی طەیرانی عیراقی-٢

ژ٣٨١: ڕۆژی چلەمینی وەفاتی مەلیکی مەغفوور جەلالەتی مەلیك فەیصەڵی ئەووەل

لیستی ئەسامیی دێهاتی ناحیەی بازیان کە ئیعانەیان داوە بە جەمعییەتی طەیرانی عیراقی-٣

ژ٣٨٤: ضیاع: عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی سەعید ئەفەندی

ژ٣٨٧: میستەر"ماکفادن"ی ئینگلیزی و بیری ئیرتیوازینی

ژ٣٨٨: مەئموورەکانمان و جەژن

ژ٣٩٠: ئەم جەژنە

ژ٣٩١: قیرائەتخانەی قادرئاغای عەطار

ژ٣٩٢: پەیامی پیرۆزانەی شایی بۆ عەرشی ملووکانە

توتونەکەمان خەریکە بێتە برەو

هەڵبجە حەزیکن ئەلەکتریك دێنن

لە شاربازێڕ: پردی قەڵاچوالان و قەشان

ژ٣٩٣: ڕەضا بەگ سەوقی تەقاعود کراوە

تەعینی مودیرێك: سەعید ئەدیب ئەفەندی قەزاز مودیری تەحریراتی کەرکووك کرا بە موودیری ناحیەی تکریت

غەزەتەی"الاخاء"

جەنابی سەیدعەلی ئەفەندیی مودەریس: شەکراوخواردنەوە

ژ٣٩٨: هاتن: موعتەمەدی غەزەتەی"یکی عیراق"، صاحێبی غەزەتەی"الکرخ" مەلا عەبوود ئەفەندی کەرخی

خذمەتی قۆمپانیای سینگەر لە سلێمانی

ژ٣٩٩: عەلی نادر

ژ٤٠٠: تەحویل: حاکمی مونفەرید مەلا صدیق ئەفەندی، حاکمی تازە عارف بەگ جیاووك

هەنگاوێکی تر: شێخ لەطیف، شەوکەت ئەفەندی سەعید ئەفەندی

موقەڕڕەراتی مەحکەمەی جەزای سلێمانی: حاجی شێخ عارف

عەلی نادر

سەعەشەل کوڕی قادر ئاغال

سال ۷ ـ ژماره ۳۲۱ ژیان لاپەرە ـ ۱

# ژیان

حزبی نیە

ئەم رۆژنامەیە هەموو شەمبێك
بلاو ئەکرێتەوە
تحریرات بەناوی
ادارەخانەکەیەوە ئەنێرێ

§

ادارەخانەکەی لە مطبعەدایە

مدیری مسئول پیرەمێرد

کرێ سالانە
بەشش مانگ ۲۲۵
بەسالیك ۴۵۰ فلس دەبێ
بو دەرەوە اجرتی
پوستەی علاوە اکری
إعلانات
لەدێرێکەوە هەتا شەش مقطوعاً
۲۲۵ و لە شەش زیاتر جگە لە
۲۲۵ فلسە کە بو دێرە زیادەکانیش
دێری ۲۸ فلس اسێنرێ

نسخەی [۵] فلسە — هەموو شتێك ئەنوسێ هەفتەی جارێك دەرچی غەزەتەیەکی کوردییە — نسخەی بە پێنج فلسە

٤ محرم ۱۳۵۱ ۹ مایس ۱۹۳۲ [دوشنبه] تاریخ انتشار ۲۱ کانون ثانی ۹۲٦

## ضیاعێکی الیم

مدیر مطبعە حسین ناظم افندی کە ذاتێکی ادیب و بە قیمتی کورد بو و اکثر حیاتی لە مأموریتی اداری دا صرف کردبو و چند سالێکیش بو لە وظیفەی مدیریتی مطبعەدا بە حسن نیت خذمتی اکرد .

شەوی ام جمعەی رابوردوە سعات چوار ونیوی عربی لە شدتی کوکەیك کە گرتبوی فجأةً وفاتی کرد.

حقیقتاً ضیاعی ابدی ام ذاتە بوبە باعثی تأثری همو اهالی ولاتەکمان بناء علیە لە خوای تبارك و تعالی تمنی اکین کە بە رحمت خوی عفوی بکات و صبر و تسلی بە عائلەی کدر دیدەیان بەبخشی ؟

ژیان

## ( زانستی )

—ە—

کومەلی زانستی کە تا ایستا چوار صد پێنجصد کس لە بێکس و بێ‌ئەوای نەخوێندەواری فێری زانستی کردوە و اونەخوێندەوارانە کە لە پێشدا بە روژشاکرد ناەوا و کوشدرو یا بێ ایش وت و ایستا بە هوی خوێندەواریەکەیانەوە لە ایشا دامەزراون ام بەرەیە بو.تە ناو و داوێکی بلند و لە بر اوە همو کس بە دل زانستیی خوش اوی بلام ام سرچاوە شیرینە وای بو ریکەوت جوکەکەی هەندی کل و خولی تی رژابو و بەری گیرابو ؟ احمد بگی متصرف کە اول بردی امکانیە شیرینەی داناوە و خوی و بە چاوی خوی بەر وبەرەی زانستی دیوە و رنجی لە کل داوە هات سر لە نوی بە هیوایێکی بەرز و دلێکی بی گردەوە هر چی کەوا لە دفتری زانستیدا بو و هموی کو کردنەوە لە حەوشی زانستیدا و لە ژیر تەب و نمی بارانی نیساندا دست

سال ۹ ژماره – ٤۰۰ ژیان لاپەرە ۱

# ژیان

بو هەموشتێك
مخابرات بەناوی
ادارەخانەوە ئەکری

§

ادارەخانە لەبناى بلدیەدایە

مدیر: سلیمانی ژیان

کریار
بەشش مانك ۲۲۵
بەسالیك ٤٥۰ فلس دەدا
بو دەرەوە اجرتی
پوستەی علاوە اکری

إعلانات
بو جاریك پینج صد
بو سە جار ۱۵۰۰ فلس
اسینری

نسخەی بە [٥] فلسە

هەموشنبەك ئەوسی هەفتەی جاریك ، دەرچی غەزەتەیەکی کوردییە

نسخەی بە پینج فلسە

۱ صفر ۱۳۵۳ ۱٥ مایس ۱۹۳٤ [سەشەمە] تاریخ انتشار ۲۱ کانون‌ثانی ۲٦

— نادی —

*

بە ناو بەهار هات باران برانە ، کەچی لە بەر باران خەلك لە ژورانە . هرچیە بي خو تارە زمستان نا کەریتەوە ، چند روژیك سیری سیران و سیران کەر لە ناوایە ئەویش چوار روزي تر کەرما ساردی ئەکاتەوە . انجا ئەو دستەیە کە پيیان کرانە لە همو چایخانەیي دانیشن چی بکەن و بە چی رابویرن ؟ بە راستي بەزەویم پيیانا دی هیشتا نادیەکیان بو نەکرایەوە . لە بیرمە یكدو جار کو بونەوە و خوا حقە — نەك حقە — متصرف خوی کە جی و ریي خوی هیە دربست نیە : هات و لە باغچەی بلدیەدا سر پرشتی کرد و کومەنی هەلبژیررا وتنان و ... رایەوە ، حتي زیان مبارکبادی بە شعر بو نوسین کەچی . . . . نازانم هەلوەشایەوە چی ؟ هیشتا هیچ لە ناوا نیە امە بي ری و جیي میریەکان لە لایي بوەستی مدیریکی ..ەلكي خر..ن لە ناحیەیکدا نادیيیکی ریك خستوە ، ام شارە کە زوری وەك ئەوي تیایە بوچ دوا کەوي ؟ من پیم گرانە . و وا ژیان بە توانجەوە بیرتان ئەخاتەوە انجا کیفی خوتانە ، اوندەش الیین : امرو لە ستوني غزتەدا خویندما.. نەوە ژناني بغدا یعنی دستەی جنس لطیفی ایمە خەریکن ( نادی الرفیقات ) ئەکەنەوە . بە دل و بە کیان حەز ئەکەم ئەوان پیش ایوە بکەون .

وا بە یاری خوا جی قشلە کونەکە بە همتي رئیس بلدیەوە ئەکری بە پارق ، لە شوینیکی پارلاقیەوە ایمەیش بەشی خومان بر ئەدەین . انجا سیرکەن م ؟

روحی مولوی

—*(*)*—

لە تو تاك ماوم جوت لە کەل خەما
بالام وەك قەفي کوجان جەوت چەما

کیرودەی آزار سوزی فراقم
تو چند بي مەیلي من هیند مشتاقم